# رێنووس
# بۆ ئاخافتن
# بە
# زمانی ئینگلیزی

نادرفەتحی (شوانە)



www.rojhalat.de

# رێنووس
# بۆ ئاخافتن
# به
# زمانی ئینگلیزی

نووسینی و وەرگێرانی

نادرفەتحی (شوانە)

ساڵی ٢٧٠٨ ی کوردی

ئاڵمان

سەرچاوە : ئینتر نێت و چەند بابەتی زمانەوانی

"له بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی رۆژهەڵات / بۆکان

**www.rojhalat.de**

**redaktion@rojhalat.de**

بەو نووسراوەیە هەول دەدەم سرنجی خوێنەری کورد بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی له رێگای رێزمانەوە راکێشم. سەرچاوەی ئەو نووسراوەیە بابەتی زمانەوانی ئاڵمانی – ئینگلیزی و فارسی - ئینگلیزی لەسەر ئینتێرنێت بوون. له ئاخری ئەو وتارانەدا وشەگەلی زمانەوانیی فارسییەکەشی وەک فەرهەنگۆکێک دێنمەوە چونکە له رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو وشانە چەسپاون و کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

نادرفەتحی (شوانە)

## پێرست :

چۆنییەتی پێکهاتنی دێر (رستە) : ........................................ ٤

کاتی ئێستای سادە ........................................ ١٢

وشەی پرسیاری ........................................ ١٤

کاتی ئێستای بەردەوام........................................ ١٨

کاتی رابردووی سادە ........................................ ٢١

کاتی داهاتووی سادە ........................................ ٢٦

لکدانی دوو دێر بە یەکەوە........................................ ٢٨

ئاوەڵکرداری کاتی ........................................ ٣٢

پیتی پەیوەندی ........................................ ٣٣

راناوی خاوەنی(خاوەندارەتیی)........................................ ٣٦

کاتی داهاتووی بەردەوام........................................ ٤٠

هەڵسەنگاندنی کاتەکان :........................................ ٤٣

پێشگیری لە دووپات بوونەوەی ناو ........................................ ٤٨

پێشگیری لە دووپات بوونەوەی دێر ........................................ ٥٠

راناوی نیوی نادیار........................................ ٥٤

دوو خاوەنییە کان........................................ ٥٧

شێوەکانی خاوەنی ........................................ ٥٨

لکدانی دوو دێر ........................................ ٥٩

ئامرازی ئیزافی شوێن........................................ ٦٦

ڕابردووی گێراوەیی........................................ ٦٩

ڕابردووی چۆنایەتی........................................................................ ٧٣

داهاتووی تەواوی بەردەوام .............................................................. ٧٤

ڕابردووی تەواوی بەردەوام............................................................... ٧٥

ئاوەڵناو ................................................................................ ٧٦

ئاوەڵکردار.............................................................................. ٨١

ئەو وشانەی دیاریکەری چۆنییەتی و چەندیی ن...................................... ٨٤

ڕاناوی پێکەوە یا هاوبەش ............................................................. ٨٩

داهاتووی تەواو.......................................................................... ٩٢

دێرەکانی (شەرتی) مەرجی ............................................................ ٩٣

وشەگەلی هاوتا ........................................................................ ٩٦

گێرانەوە (بیان کردن) ................................................................. ٩٩

ناوی چاوگ .............................................................................. ١٠٠

فەرهەنگۆکی زمانەوانیی کوردی فارسی.............................................. ١٠٣

فەرهەنگۆکی زمانەوانی کوردی ئینگلیزی ........................................... ١٠٨

## چۆنییەتی پێکهاتنی دێڕ (رستە) :

**دێڕ یان رستە** (Sentence)**:** دێڕ لە زمانی ئینگلیزیدا بەو شێوەیەی خوارەوە فۆرمولە دەکردرێ :

<u>**(ئاوەڵکرداری کات) + (ئاوەڵکرداری جێ و شوێن) + (کراو) + (کردار) + (بکەر)**</u>

**بکەر**(Subject) **:** بکەر بەو کەسە دەڵێن کە کارێک دەکا. بکەر دەتوانێ بە شێوەی "ڕاناو" یاخود "نێو" کەڵکی لێ وەربگیرترێ. بکەر ناو یا ڕاناوە و لە سەرەتای دێڕدا جێ دەگرێ.

**ڕاناوی بکەری** ئەوانەن:

| تاک | | کۆ | |
|---|---|---|---|
| I | من | we | ئێمە |
| you | تۆ | you | ئێوە |
| he<br>she<br>it | ئەو(نێر)<br>ئەو(مێ)<br>ئەو(شت) | they | ئەوان |

**کردار**(**Verb**) **:** بەو کارەی کە بکەر دەیکا "کردار" ی پێ دەڵێن. بۆ گۆڕینی کردار بە چاوگ لە زمانی ئینگلیزی نیشانەی **to** بەکاردەهێندرێت.

**کردار > چاوگ > to**

*__to see__* ، *__I see__* دیتن > من دەبینم

You see تۆ دەبینی

They see ئەوان دەبینن

...

**ئاوەڵکردار**(**Adverb**)**ی شوێن :** ئەو جێگایەی کرداری لێ پێکدێ "ئاوەڵکرداری جێ و شوێن" ی پێ دەڵێن. وەک :

لە ماڵێ = at home لە کلاسی وانە = in the class ئێرە = here

لە مەکتەب = at school هۆوێ = there

**ئاوەڵکرداری کات :** "ئاوەڵکرداری کات" بە کاتی پێکهاتنی کردار دەڵێن.(کات یا زەمانی ڕووداو) وەک:

ڕۆژ نا ڕۆژ = every other day دوێنێ = yesterday

هەموو ڕۆژێ = every day ئەمڕۆ = today

ڕۆژە تاکەکان = on odd days ڕۆژە جووتەکان = on even days

**ئاوەڵناو**(adjective)**ی خاوەنی :** ئەو ئاوەڵناوانەن کە لەگەڵ ناو دا دێن و بە بێ ناو هیچ مانایەکیان نییە و خاوەنیی دەگەیێنن. لە زمانی ئینگلیزی ئاوەڵناو لە پێش ناودا دێ.

تایبەتمەندی ئاوەڵناو لە زمانی ئینگلیزی :

١. پێش ناو دێن
٢. ناوی نەدیار و نەناسراو دەناسێنن (ناو بەرتەسک دەکەن)
٣. لەگەڵ ناوی دوای خۆیان سازگار نیین و بە بێ ئاوەڵناوەکانی **this** و **that** لکاو لەگەڵ ناوی دوایی، دەبنە "تاک" یا "کۆ".

***this →   these this book →these books***

***that  →  those that car  →those cars***

**کراو :** کراو  کەسێک یا شتێکە کە بکەر لەسەر ئەو کارێک ئەنجام بدات.

بۆ نموونە : هیوا هاوڕێی دیت.   **Hiva saw Hauree.**

هیوا ئەوی دیت.   **Hiva saw him.**

**راناوی کراوی** ئەوانەن :

| کۆ | | تاک | |
|---|---|---|---|
| بە ئێمە | us | بە من | me |
| بە ئێوە | you | بە تۆ | you |
| بە ئەوان | them | بە ئەو(نێر)<br>بە ئەو(مێ)<br>بە ئەو(شت) | him<br>her<br>it |

**ئاوەڵناوی خاوەنی** ئەوانەن :

| کۆ | | تاک | |
|---|---|---|---|
| هی ئێمە | our | هی من | my |
| هی ئێوە | your | هی تۆ | your |
| هی ئەوان | their | هی ئەو(نێر)<br>هی ئەو(مێ)<br>هی ئەو(شت) | his<br>her<br>its |

**کرداری یارمەتی :** کردارێکن کە لە مابەین "بکەر" و "کردار"ی سەرەکی دا دێن و دوای ئەوان **to** نایە بێجگە لە **ought to** و **used to**.

بۆ وێنە : لوان(مومکین بون) **may**   دەبێ **should**   دەبێ **must**   توانین **can**

تایبەتمەندی کرداری یارمەتی :

١. لە مابەین "بکەر" و "کردار"ی سەرەکی دا دێن.
٢. بە ئاڵ و گۆڕ، دەبنە هۆی گۆڕانی دێڕ، بەو مانایە کە ئەگەر "کرداری یارمەتی" لە هەوەڵی دێڕ دا بێن دێڕەکە دەکەن بە دێڕی پرسیاری. ئەو دێڕانەی وا "کرداری یارمەتی" یان لەگەڵ نییە بە "**do**" و "**does**" دەکرێن بە دێڕی پرسیاری.

| **I can go**   من دەتوانم بڕۆم | **پرسیار** | |
|---|---|---|
| | **Can you go?** | دەتوانی بڕۆی؟ |
| | **Can you?** | تۆ دەتوانی ؟ |
| | **You can?** | تۆ دەتوانی ؟ |

لە بیرت بێ: کە هەمیشە **I** و **we** دەبنە **you** .  وەک :  ***I am → are you ?***

٣. بۆ نەرێنی کردنەوە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (**not**) بە "کرداری یارمەتی" یەوە زیاد دەکردرێ.

***Can not → Can't***
***will not → won't***
***must not → mustn't***
***Shall not → Shan't***
***is not → isn't***
***are not → aren't***
***am not →am not***
***may not →may not***

لە بیرت بێ: کە شێوەکانی am not و may not  نەرێنی ناکرێنەوە.

٤. وڵامی نەرێنی کردنی "کرداری یارمەتی" :

<u>شێوەی یەکەم :</u>  "کرداری یارمەتی" کورت بووەوە دەبەنە هەوەڵی دێرەکە.

وەک :   You can't go → can't you go?

<u>شێوەی دووهەم :</u> ئەگەر  "کرداری یارمەتی" **not** کورت نەبووبێتەوە، "کرداری یارمەتی" یەکەم هەروەک خۆی دەبەینە هەوەڵی دێڕ و **not** یش لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە.

وەک :   You can not go → can you not go?

جەدوەلی "کرداری یارمەتی" :

| کرداری یارمەتی | مانا |
|---|---|
| To be(am-is-are) | بوون |
| Have | هەبوون |
| Do | کردن، ئەنجام دان |
| could | توانین |
| Shall | نیشانەی داهاتوو(دادێ) |
| Will | نیشانەی داهاتوو(دادێ) |
| May | مومکین بوون (لوان) |
| Must | دەبێ |
| ought to | دەبێ |
| Used to | وەک عادەت |
| need | پێویست بوون |
| Dare | ئازا بوون |
| Would rather | بە باشتر زانین ، پێ باشتر بوون، داشکاندن |
| Had better | باشترئەوەیە، چاکترە |

**The**: وشەیەکە کە چۆنییەتی دێڕەکە دیاری دەکا.

I eat apple.
I eat the apple.
I eat the apple which is red.

لە دێڕی یەکەمدا **"من سێو دەخۆم"**، دیاری نەکراوە کام سێو.

لە دێڕی دووهەمدا **"من سێوەکە دەخۆم"** دیارە مەبەست سێوێکی تایبەتە.

لە دێڕی سێهەمدا **"من سێوە سوورەکە دەخۆم"** بە تەواوی روونە کام سێو دەخورێ.

دوو "چاوگ" لە زمانی ئینگلیزیدا تاقانەن بەو مانایە کە لەگەڵ بکەری جۆرواجۆر بە فۆرمی جۆرواجۆر دەردێن. بەڵام ئەگەر دوای کەڵک لێوەرگرتن "کرداری یارمەتی" بێننە ناو دێڕەکە، بە شێوەی پێشووی خۆیان دەردێنەوە.

چاوگی یەکەم : **am-is-are** دەبنەوە بە **be**

دووهەمین چاوگ **"to have"** ە کە ئەویش لەگەڵ بکەری جۆرواجۆر بە بیچمی جۆرواجۆر دەردێ و دوای هاتنی "کرداری یارمەتی" دەگەڕێتەوە بۆ سەر فۆرمی پێشووی خۆی.

*I have → I can have*
*you have → you can have*
*They have → They can have*
*We have → we can have*
*She has → she can have*

*I am → I must be*
*You are → You can be*
*He is → he must be*

| | | | |
|---|---|---|---|
| have | | Am | |
| | to have | Is | Be |
| Has | | are | |

ئەو دێڕە کوردیانەی خوارەوە وەرگێرەوە بۆ ئینگلیزی.

١. دەتوانی من لێرە هەموو رۆژێک یارمەتی بدەی؟
٢. مەگەر نابێ هەر رۆژ نا رۆژێک، کاتژمێر ٢ وانەمان پێ بڵێی؟
٣. مەگەر من بەدفەڕ نیم؟
٤. مەگەر ئەوان هەموورۆژێک لێرە وانە ناخوێنن؟
٥. مەگەر تۆ هەموو رۆژێک گوێ بە ماموستا نادەی؟
٦. دەتوانم من لە مەکتەب بە ئەدەب بم؟
٧. باوکم دەبێ لە ماڵەوە خۆش ئەخلاق بێ.
٨. لەوانەیە خوشکەکانم تەمبەڵ بن.
٩. دایک و باوکیان دەتوانن لێرە بن.

وڵامەکان :

١. Can't you help me here every day?
٢. Mustn't you teach us here every other day at ٢ o'clock?
٣. Am I not bad tempered?
٤. Don't they study here every day?
٥. Don't you listen to the teacher every day?
٦. Can I be polite in class?
٧. My father must be kind at home.
٨. My sisters may be lazy.
٩. Their parents can be here.

**زۆر گرنگ :** لەو دێرانەی وا دوو-"کردار" بەکار دەهێندرێ:

١. ئەگەر دوو "کردار" مکە هەر دووک سەرەکی بن، لە بەینیاندا دەبێ وشەی " **to** " بکار بێنین.

**٢.** ئەگەر لە دێڕەکەدا یەک "کردار" یان سەرەکی و ئەویتریان "کرداری یارمەتی" بن، " **to** " پێویست ناکا مەگەر لە گەڵ ئەو دوو کردارە : **ought to** و **used to .**
ئەگەر کردارەکە لە چاوگی **To be** یانی **(am-is-are)** یا لە چاوگی **To have** یانی **(has** و **have)** بێ. کاتێ کە لە دێڕەکەدا ئەو کردارانەی خوارەوە بە کار بێنین، وشەگەلی **(am-is-are** و**have-has )** دەگەڕێنەو بۆ سەر فۆڕمی پێشوویان خۆیان یانی **(have , be)**.

| | | | |
|---|---|---|---|
| want | ویستن | pretend | نیشاندان |
| like | خۆشویستن | refuse | دووری کردن |
| would like | رازی بوون | plan | ویستن |
| hope | هیوادار بوون | decide | بڕیاردان |
| wish | ئاوات خواستن | intend | ویستن |
| try | ویستن | be going to | ویستن |
| promise | قەول دان | hate | قین لێ بوون |
| prefer | بە باشتر زانین ، پێ باش بوون | dislike | قین لێ بوون |

**فەرقی مابەینی must و have to :**

I **must** go — **من دەبێ بڕوم**
I **have to go** — **من ناچارم بڕۆم**

**لە بیرت بێ :** ئەگەر بە دوای **has , have** "ناو" بێت، مانای "هەبوون" و "خواردن" دەدات.

**I will have my lunch.** — من نانی نیوەڕۆ دەخۆم.

**She has a book.** — ئەو(مێ) کتێبێکی هەیە.

**لەبیرت بێ :** ئەگەر دوای **has , have** وشەی **"to"** بێت، مانای ناچار بوون دەدات.

**ڕاهێنانی دێرەکانی کوردی :**

**ئا ) دێری ئەرێنی، پرسیاری، نەرێنی و نەرێنی پرسیاری دێرەکانی خوارەوە بنووسن.**

١. ئەوان دیانهەوێ هەموورۆژی گوێ لە مامۆستا بگرن.
٢. من دەبێ هەموو رۆژێ بە ئینگلیزی بدوێم.
٣. ئێوە دەتانەوێ لێرە بە ئەدەب بن.
٤. ئەو(نێر) پێیخۆشە خاونی ئۆتۆمۆبیل بێت.
٥. ئێمە دەمانهەوێ ئەمساڵ وریا بین.

**وڵامەکان :**

١. They want to listen to the teacher every day.
   - Do they want to listen to the teacher every day?
   - They don't want to listen to teacher every day.
   - Don't they want to listen to teacher every day?

٢. I must speak English every day.
٣. You want to be polite here.
٤. He likes to have a car.
٥. We decide to be clever this year.

**ب ) دێرەکان بە کرداری ناو کەوانەکان رێک و پێک کەن.**

١. They Study engineering(plan)
٢. Most students succeed (want)
٣. We understand the lesson. (Pretend)
٤. I work hard. (Promise )
٥. Most of the people fact/tell the truth. (refuse)
٦. You are very successful. (can)
٧. They practice sentence patterns (must)
٨. Many students ask questions (may)
٩. We are polite. (Ought to)
١٠. I dine with you. (would like)
١١. We play football. (prefer)

**وڵامەکان :**

١. They Plan to Study engineering
٢. Most students want to succeed.
٣. We pretend to understand the lesson.
٤. I promise to work hard.
٥. Most of the people refuse to fact/tell the truth.
٦. You can be very successful.
٧. They must practice sentence patterns.

٨. Many students may ask questions.
May they not ask questions? وڵامی
May not they ask questions? نەرێنی

٩. We ought to be polite.

پرسیاری > Ought you to be polite? Are you ought to polite?

نەرێنی > You ought not to be polite. You aren’t ought to polite.

نەرێنی پرسیاری > Ought you not to be polite? aren't you ought to polite?

١٠. I would like to dine with you.
١١. We prefer to play football.

# Simple Present Tense          کاتی ئێستای سادە

**کاتی ئێستای سادە :** کارێکە کە بە شێوەی عادەت و دووپاتبوونەوە دێتە ئاراوە.

چۆنێتی دروستکردن : ئەگەر **to** ی چاوگ ی لێ هەڵگرین و بە جێی ئەو "بکەر" دابنێین، ئەو "کردار" ەی لێی پێک دێ "کاتی ئێستای سادە" ی پێ دەڵێن. بۆ سێهەم کەس واتە **(it-she-he)** بە ئاخری "بکەر" پیتەکانی **(ies-es-s)** دەلکێنین.

نیشانەکانی کاتی سادە :

١. بوونی **s** لە ئاخری "بکەر" بۆ سێهەم کەسی تاک وەک :

**He works/she eats/it runs**

٢. بوونی **es** لە ئاخری "بکەر" بۆ سێهەم کەسی تاک

لە بیرت بێ : ئەو "بکەر" انەی ئاخرەکەیان بە پیتەکانی **z,o,x,ch,sh,s** تەواو دەبن، لە سێهەم کەسی تاک دا **es** وەردەگرن وەک: **Washes/buzzes/watches/fixes/misses/mixes**

٣. ئەو "بکەر" انەی ئاخرەکەیان بە **y** تەواو دەبن، ئەگەر پێش **y** وشەی دەنگداری **"a,e,I,o,u"** یان هەبێ، لە سێهەم کەسی تاک دا تەنیا **s** وەردەگرن.

**play = سێهەم کەسی تاک = Plays**

ئەو "بکەر" انەی ئاخرەکەیان بە **y** تەواو دەبن، ئەگەر پێش **y** وشەی دەنگداریان نەبێ، دەبێ **y** مکەی لابەین و بەجێی ئەو لە سێهەم کەسی تاک دا **i** و دوایە **es** دابنێین.

**Carry = carries**
**Study = studies**

٤. بوونی ئاوەڵکردارەکانی کاتی وەک :

**every + کات**

**یا**

**each + کات**

**during + ئاوەڵکرداری کات + ( during the day لە ماوەی رۆژ )**

**every other + کات + ( every other week حەوتوو نا حەوتوویەک )**

٥. بوونی ئاوەڵکرداری دووپاتکراو وەک :

**ever – never – always – usually – often – sometimes**
**They never play golf.**

٦. دێری ئێستای سادە ئەو دێڕەیە کە باس لەسەر ڕاستییەکان و ئەو شتانەی بە ئیسبات گەییون (جێی مەتمانەن)، بکات.

**The sun sets in the west.** ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە هەڵدێت(ڕۆژئاوا دەبێ).

**لەبیرت بێ :** ئاڵوگۆڕ لە ئێستای سادە بە یارمەتی دوو "کردار" ی یارمەتیی **do, does** پێکدێ.

ئاوەڵکرداری جێ و شوێن هەمیشە پێش ئاوەڵکرداری کات دێن.

**He goes to school every day.**

ئەو(نێر) هەموو ڕۆژێک دەچێ بۆ مەکتەب.

**ئەو دێرانە وەرگێرەوە سەر ئینگلیزی.**

١. ئەو(نێر) هەموو ڕۆژێک دەچێ بۆ مەکتەب.
٢. مامۆستا ڕۆژانی جووت کاتژمێری ٢ لە کلاس یارمەتیمان دەدا.
٣. باوکم ڕۆژانی تاق لە ماڵەوە وانە دەخوێنێت.
٤. باوکی بەتەمایە هەموو ڕۆژێک لێرە یارمەتی ئەوان بدا.

**وڵامەکان :**

١. He goes to school every day.
٢. The teacher helps us in the class at ٢ o'clock on odd days.
٣. My father studies at home on even days.
٤. His father wants to help them here every day

# Question Words. وشەی پرسیاری

١. ئەگەر "بکەر" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **who** (کێ) کەڵک وەردەگرین.
٢. ئەگەر "کراو" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **whom** (کێ) کەڵک وەردەگرین.
٣. ئەگەر بکەر و کراو "شت" بن لە وشەی پرسیاری **what** (چ شتێک) کەڵک وەردەگرین.
٤. ئەگەر "ئاوەڵکرداری جێ و شوێن" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **where** (کوێ) کەڵک وەردەگرین.
٥. ئەگەر "ئاوەڵکرداری کات" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **when** ( کەی) کەڵک وەردەگرین.

٦. ئەگەر "ژومارە" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **how many** (چەند دانە) کەڵک وەردەگرین.

٧. ئەگەر "چەندایەتی" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **how much** (چەندە) کەڵک وەردەگرین.

٨. ئەگەر "چۆنییەتی و حاڵەت" بکەوێتە ژێر پرسیار لە وشەی پرسیاری **how** (چۆن) کەڵک وەردەگرین.

٩. ئەگەر "وەخت و کات" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **what time** (چ کات ژمێرێک) کەڵک وەردەگرین.

١٠. ئەگەر "درێژایی کات" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **how long** (چەند کاتژمێر) کەڵک وەردەگرین.

١١. ئەگەر "جار" یا "کەڕەت" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **how often** (چەند کەڕەت) کەڵک وەردەگرین.

١٢. ئەگەر "ئاوەڵناوی خاوەنی" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری ناو+ **whose** (بۆ کێ) کەڵک وەردەگرین.

١٣. ئەگەر **the** + ئاوەڵناو یا ناو + **these, those, this, that** مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **which** (کام) کەڵک وەردەگرین.

١٤. ئەگەر "هۆ و هۆکار" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **why** (بۆچی) کەڵک وەردەگرین.

١٥. ئەگەر "تەمەن" مەبەستی پرسیارکردن بێ لە وشەی پرسیاری **how old** (چەند ساڵ) کەڵک وەردەگرین.

١٦. ئەگەر "درێژایی ڕێ" بکەوێتە ژێر پرسیار لە وشەی پرسیاری **how far** (دووری ڕێگە) کەڵک وەردەگرین.

١٧. ئەگەر "بەژن و باڵا" بکەوێتە ژێر پرسیار لە وشەی پرسیاری **how tall** (چ باڵایەک) کەڵک وەردەگرین.

١٨. ئەگەر "خێرایی" بکەوێتە ژێر پرسیار لە وشەی پرسیاری **how fast** (چ خێراییەک) کەڵک وەردەگرین.

١٩. ئەگەر "ڕەنگی شتێک" بکەوێتە ژێر پرسیار لە وشەی پرسیاری **what color** (چ ڕەنگێک) کەڵک وەردەگرین.

وشەکانی پرسیاری سێ یاسایان هەیە:

١. **یاسای یەکەم :** لە هەوەڵی دێڕەکەدا دێن. دێڕەکە دەکەن بە دێڕی پرسیاری و لە ئاخردا بە کرداری یارمەتی تەواو دەبن.

**Where**
**When**
**How**
**Why**
**What time**
**How often**
**How fast**

\+ **do you work?**

**I can answer** ⇨ **Can you answer?**

**Why can you answer?**
**When can you answer?**
**How fast can you answer?**

٢. **یاسای دووهەم :** ئەگەر وشەی پرسیاری لە بەینی دێردا بێن، دێڕەکە لە حاڵەتی پرسیاری دێننە دەری یانی دوای وشەی پرسیاری "بکەر" دێ.

**Where do you go?** ⇨ **I know where you go**

من دەزانم بۆکوێ دەچی

**Why don’t they study** ⇨ **I know why they don’t study**

من دەزانم بۆ ئەوان ناخوێننەوە

**I am sure why he is happy**

من دڵنیام کە ئەو بۆچی خۆشحاڵە

**٣. یاسای سێهەم :** وشەگەلی پرسیاری دەتوانن بە جێگای سێهەم کەس دانیشن و وەک سێهەم کەسی تاک کارا بن. یانی بە ئاخری کردار **s** یا **es** و یا **ies** دەلکێندرێت.

| | |
|---|---|
| He works | ئەو کار دەکات |
| **Who** works? | کێ کار دەکات؟ |
| **Whose brother** works? | برا کار دەکات؟ |
| **Which teacher works?** | کام مامۆستا کار دەکا؟ |
| **What kind of student** works? | چ قوتابییەک کار دەکا؟ |

**ئەو دێرانەی خوارەوە وەرگێرەوە بۆ زمانی ئینگلیزی .**

١. من دەزانم هەموو رۆژێک کاتژمێر ٢ لەکوێ یاری "تۆپی پێ" دەکەی.
٢. من نازانم بۆ قوتابییەکان لە مەکتەب وانە ناخوێنن.
٣. من دەزانم ئەوان بۆچی ماندوون.
٤. ئایا دەزانی برای کێ بە ئینگلیزی دەیهەوێ بدوێ ؟
٥. من نازانم بۆچی ئەوان لە کلاس تەمبەڵن.

**وڵامەکان :**

١. I know where you play football every day at ٢ o’clock.
٢. I don’t know why the students don’t study at school.
٣. I am sure why they are tired.
٤. Do you know whose brother wants to speak English?
٥. I am not sure why they are lazy in class.

## دێڕەكان لە نەوعی "have to "

ئەو دێڕانەی خوارەوە وەرگێڕەوە سەر زمانی ئینگلیزی.

٦. ئەوان ناچارن لە كلاس بە ئینگلیزی بدوێن.
٧. كوڕەكە ناچارە لە كلاس هەموو رۆژێک بەئەدەب بێت.
٨. كیژەكان ناچارن رۆژەكانی تاک لێرە بن.
٩. ئەو ناچارە رۆژ نا رۆژێک یاری "تۆپی پێ" بكات.
١٠. هیوا ناچارە لە كلاس رووخۆش بێ.

**وڵامەكان:**

٦. They have to speak English in class.
٧. The boy has to be polite in class every day.
Does the boy have to be polite in class every day? پرسیاری

The boy doesn't have to be polite in class every day. نەرێنی

٨. The girls have to be here on even days.
Do the girls have to be here on even days? پرسیاری

٩. He has to play football every other day. ئەرێنی

Does he have to play football every other day? پرسیاری

He doesn't have to play football every other day. نەرێنی

Doesn't he have to play football every other day? پرسیاری نەرێنی

١٠. Hiva has to be happy in class
Does Hiva have to be happy in class? پرسیاری

## کاتی ئێستای بەردەوام

**کاتی ئێستای بەردەوام**: کارێک کە لە کاتی ئێستا و بە شێوەی درێژە پێدان بەڕێوە دەچێت.

چۆنییەتی دروستکردنی : لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر بە کاتی سادە **be +ing** زیاد بکەین، دەبێتە کاتی بەردەوام.

| | |
|---|---|
| **ئێستای بەردەوام** | **subject + to be + verb + ing** |

**زۆر گرنگ :** **be (are,is,am)** ئەو وشانەن کە لە بەینی بکەر و کرداری سەرەکیدا دێن. **ing** بە بێ ڕاوەستان(بەگورجی) دوای کرداری سەرەکی دێت.

ئاڵ و گۆڕ لە کاتی ئێستای بەردەوام دا بەهۆی **are , is , am** پێک دێ.

نیشانەکانی کاتی ئێستای بەردەوام :

١. بوونی **are , is , am** لە بەینی بکەر و کرداری سەرەکی.

٢. بوونی **ing** لە ئاخری کرداری سەرەکی.

٣. بوونی ئاوەڵکرداری کاتیی لە ئاخری دێڕەکانەوە وەک :

| | |
|---|---|
| ئێستا | **now** |
| ئێستا / هەر ئێستا | **at present** |
| لەم کاتەدا / هەر ئێستا | **for the time being** |
| لەم کاتەدا / هەر ئێستا | **at the moment** |
| ئەم بەیانی یە | **This morning** |
| ئەم ساڵ | **This year** |
| ئەم حەوتووە | **This week** |

٤. بوونی کرداری وشیاردەر وەک :

| | | | |
|---|---|---|---|
| وست بە/ بێ دەنگ بە | **hush up!** | تەماشاکە/ ببینە | **look** |
| راوەستە | **stop** | گوێ بگرە | **listen** |
| وشیار بە / ئاگادار بە | **keep** | ورد بە | **be careful** |

گوێ بگرە کەسێک خەریکە لە زەنگ دەدات — **Listen! Someone's knocking the door**

چاوکە، تەماشاکە، کەسێک دێت. — **Look! Someone is coming.**

**لەبیرت بێ :**

١. ئەو بکەرانەی وەک **-like-know-understand-want** **ing** ناگرن.

٢. ئەو بکەرانەی کە بە **y** تەواو دەبن، کاتێ **ing** بگرن " **e** " یە کەیان لا دەچێ و **ing** یەکە دەچێتە ئاخری دێرەکە.

**Play** ⟶ **playing**
**Study** ⟶ **studying**
**Carry** ⟶ **carrying**

٣. ئەو بکەرانەی کە بە **e** تەواو دەبن، کاتێ **ing** بگرن " **e** " یە کەیان لا دەچێ وبەجێی ئەو **ing** جێگاکەی دەگرێتەوە بە تاقانەی بکەری **be** کە " **e** " یەکەی لاناچێت.

**Come** ⟶ **coming**
**Take** ⟶ **taking**
**Have** ⟶ **having**
**Be** ⟶ **being**

٤. ئەو بکەرانەی یەک بەخشین و بە پیتی بێدەنگ تەواو دەبن ئەگەر پێش پیتی بێدەنگ یەک پیتی دەنگداریان لەگەڵ بێت، وەک: " (a,e,i,o,u) "، کاتێ **ing** بگرن، پیتی ئاخریان دووپات دەبێتەوە و پاشان **ing** ی پێوە زیاد دەکردرێت.

| | | |
|---|---|---|
| **Sit** | → | **sitting** |
| **Put** | → | **putting** |
| **Read** | → | **reading** |

٥. ئەو بکەرانەی بە **ie** تەواو دەبن لە کاتی **ing** گرتن **ie** دەبێت بە **y** و پاشان **ing** ی پێوە زیاد دەکردرێت.

| | | |
|---|---|---|
| **tie** | **tying** | بەستن |
| **die** | **dying** | مردن |
| **lie** | **lying** | پاڵ کەفتن / راکشان |

## کاتی رابردووی سادە

**کاتی رابردووی سادە** : کارێکە کە لە رابردوودا پێکهاتووە و تەواو بووە.

چۆنییەتی دروستکردنی : ئەگەر بە کاتی ئێستای سادە ed یا ied ی پێوە زیاد کەین، رابردووی سادە پێک دێت.

بکەرەکان لە رابردوودا دوو جۆرن :

١. دەستووری(بە قاعیدە) ، کە شێوەکەیان دەگۆڕدرێ. See saw

٢. بێ دەستوور(بێ قاعیدە) : ( ed-ied) work worked

| | |
|---|---|
| do | did |
| am , is | was |
| are | were |
| have | had |
| go | went |
| come | came |
| saw | see |

ئاڵ و گۆڕ لە رابردوودا بەهۆی کرداری یارمەتیی "did" ەوە بەڕێوە دەچێت.

**زۆر گرنگ :** کاتێک کە لە دێڕدا کەڵک لە "did" یا " didn't" وەردەگیرترێت، ed یا ied لادەچن و ئەگەر کردارەکە بێ دەستوور بێت، دەگەڕێتەوە سەر حاڵەتی هەوەڵی خۆی.

نیشانەکانی کاتی رابردووی سادە:

١. بوونی ed یا ied و ئاڵ و گۆڕی شێوەی کردار لە کردارەکانی بێ دەستوور .

٢. بوونی ئاوەڵکرداری کاتی وەک :

last day و yesterday رۆژی پێشوو/ دوێنێ کە لە ئاخری دێڕەکانەوە دێن

the other day چەند رۆژ پێش

two days ago دوو رۆژ پێش

in + رێکەوت in ٢٠٠٨ بۆ رێکەوتی رابردوو بەکار دەهێندرێت

**زۆر گرنگ :** ئەگەر لە دێڕیکدا دوو کردارمان هەبێت، تەنیا کرداری یەکەم بە شێوەی رابردوو دەردێت.

**لەبیرت بێ :** ئەو کردارانەی وا بە **y** تەواو دەبن ئەگەر پێش **y** وشەی دەنگداریان لەگەڵ بێت، بۆ کردنیان بە رابردوو تەنیا **ed** دەگرن.

**play** **played**
**stay** **stayed**
**say** **said**
**pay** **paid**

ئەو کردارانەی وا بە **y** تەواو دەبن ئەگەر پێش **y** وشەی دەنگداریان لەگەڵ نەبێت، بۆ کردنیان بە رابردوو"**y**" ە کەیان لادەبەین و بە جێی ئەو پیتی **i** دادەنێین و پاشان **ed** ی پێوە زیاد دەکەن کە دەبێتە " **ied** " .

**carry** **carried**
**study** **studied**
**try** **tried**

**ئەو دێڕانەی خوارەوە لە کوردییەوە وەرگێرە سەر زمانی ئینگلیزی.**

١. ئەوان دوێنێ کاتژمێر ٢ لە کلاس یارمەتییان داین.

٢. ئێمە کاتژمێر ٥ ی حەوتووی رابردوو ئێوەمان لە سەیرانگا دیت.

٣. ئێمە چەند رۆژ لەمەوبەر دەمانهەویست بچین بۆ مەکتەب.

٤. ئێمە پێمانخۆشبوو لە کلاسی ساڵی ٢٠٠٨ وریا بین.

٥. ئێمە دوێنێ زۆر ماندوو بوین.

٦. کورەکە ساڵی رابردوو زۆر وانە خوێن نەبوو.

**وڵامەکان :**

١-They helped us in the class at ٢ o'clock yesterday.
٢-We saw you in the park at ٥ o'clock last week.
٣- We wanted to go to school the other day.
٤-We liked to be polite in the class in ٢٠٠٨ year.
٥- We were tired yesterday.
٦- The boy was lazy last year.

# To Do

**You did.** **Did you do?**

**بکەر کرداری سەرەکی یارمەتی سەرەکی**

**He does.** **Does he do?**
**Did he do?** **Yes he did.**

١. تۆ ناچار بووی بڕۆی . **You had to go.**

پرسیاری **Did you have to go?**

نەرێنی **You didn't have to go**

٢. ئەو ناچارە بڕوا. **He has to go.**

پرسیاری **Does he have to go?**

٣. ئەو ناچار بوو وانە بڵێتەوە. **He had to teach.**

**Did he have to teach?**

٤. باوکم دوێنێ لێرە بوو. **My father was here yesterday.**

٥. پارەکە(ساڵی رابردوو) دایک و باوکیان زۆر میهرەبان بوون.

**Their parents were kind last year.**

٦. من پارەکە (ساڵی رابردوو) مامۆستا بووم.

**I was teacher last year.**

٧. کاتێ باوکم هات، ئەوان خەریکی وانە خوێندن بوون.

**They were studying when my father came in.**

٨. کاتێک مامۆستا لە دەرکەی دا، براکەم خەریکی پیانۆ لێدان بوو.

**My brother was playing the piano when his teacher rang.**

٩. کاتێک باران باری دایک و باوکیان سەیری هەواڵەکەنیان دەکرد.

**Their parents were watching the news when it was raining.**

**لەبیرت بێ :** ئەگەر لە دێڕەکانماندا وشەی **when** ی تێدابێت و دوو کار هاوکات و لەگەڵ یەک پێک بێت، هەردووکیان دەبنە رابردووی بەردەوام.

## به ئەمرکردنی کردار

لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر ئێمە **(to)** ی چاوگ لابەین و یا ئەگەر **you** هەڵگرین، ئەو کردارەی دەمێنێتەوە ئەمری یە. بۆ حورمەت دانان دەکرێت لەو وشانەی خوارەوە کەڵک وەربگیرترێت.

| | |
|---|---|
| تکایە | **please** |
| ئەگەر ئیمکانی هەیە (تکایە) | **will you ( please)** |
| ئەگەر زەحمەت نابێ | **would you** |
| ئەگەر دەتوانی | **could you** |

**ئەو دێرە ئەمری یانە وەرگێرەوە سەر زمانی ئینگلیزی.**

١. تکایە هەمووڕۆژێک لێرە وانە بخوێنە.

٢. تکایە برووسکەیەک بنووسە.

٣. ئەگەر زەحمەت نابی، بە ئینگلیزی بدوێ.

٤. ئەگەر بۆتان دەکرێت گوێ لە مامۆستا بگرن .

٥. تکایە لێرە هیدی بن.

٦. تکایە شاد(بە بزە) بە.

٧. ئیتر لێرە یاری "تۆپی پێ" مەکە.

٨. ئیتر دەرگاکە مەکەوە.

٩. ئیتر لەسەر تەختەکە مەنووسە.

**وڵامەکان :**

١-Please study here every day.
٢-Please write a letter.
٣-Would you please speak English.
٤-Would you mind listening to the teacher.
٥-Please be polite here.
٦-Please be happy.
٧-Don’t play football here again.
٨-Don’t open the door again.
٩-Don’t write on the black board again.

بۆ فێربوون و دووپاتکردنەوەی کاتەکان :

من هەموو ڕۆژێک لێرە کار دەکەم.

**I work here every day.**

**I am working here now .** ئێستای بەردەوام

**I worked here yesterday.** ڕابردووی سادە

**I was working here yesterday.** ڕابردووی بەردەوام

**Work here every day.** ئەمری

| | |
|---|---|
| **My father will buy a car tomorrow.** | باوکم بەیانی سەیارە دەکڕێت. |
| **I will pass in the next year.** | ساڵی داهاتوو لە خوێندن سەردەکەوم. |
| **They will be here in three weeks.** | ئەوان تا سێ حەوتوویتر لێرە دەمێننەوە. |
| **We will win soon.** | ئێمە بە زوویی سەردەکەوین. |
| **You will be clever sooner or later.** | ئێوە درەنگ یا زوو وریا دەبن. |
| **Hauree will study later.** | هاوڕێ پاشان وانە دەخوێنێت. |

# کاتی داهاتووی ساده

## Simple future tense

کاتی داهاتوو : کارێکە کە لە داهاتوودا ڕوو دەدات.

چۆنییەتی دروستکردن : پاش ماوەی دێرەکە + کرداری سەرەکی + **will / shall** + بکەر

بۆ یەکەم کەسی تاک و یەکەم کەسی کۆ زیاتر بە جێی **(will)** دەتوانین لە **shall** یش کەڵک وەرگرین.

تایبەتمەندییەکانی کاتی داهاتووی سادە :

- بوونی کرداری یارمەتی **will** و یا **shall** لە بەینی بکەر و کرداری سەرەکی.
- بوونی ئاوەڵکرداری کاتی بۆ نموونە وەک : (بەیانی) **( tomorrow)**

**ئاوەڵکردارەکانی کات وەک :**

| | |
|---|---|
| بەیانی / سبحەینێ | **tomorrow** |
| بە زوویی | **soon** |
| درەنگ یا زوو | **sooner or later** |
| تا سێ حەوتووی دیکە | **three weeks** |
| لە داهاتوودا | **next** + کات |
| تا یەک حەوتوو، یەک ساڵ، یەک مانگی دیکە | **in** + کات **a week/ a year/ a month** |

ئاڵ و گۆڕ لە کاتی داهاتوو : بەهۆی کرداری یارمەتیی **will** یا **shall** پێکدێت کە بە وشەی **not** نەرێنی دەکردرێت و بە شێوەی **won't** و یا **shan't** دەردێت.

**لەبیرت بێ :** بۆ ئەو وشانەی خوارەوە ناتوانین لە **will** یا **shall** کەڵک وەرگرین.

| | | | |
|---|---|---|---|
| if | ئەگەر | unless | مەگەر |
| when | کاتێک | as long as | مادام ئەوەیکە |
| while | کاتێک | s uppose | گومان بکەین |
| before | پێش ئەوەیکە | as soon as | تاکوو.... |
| after | دوای ئەویکە | to pass | قەبووڵ بوون |
| till | تا | until | تا |

چۆنییەتی دروست بوون

کاتی ئێستا + **befor** + داهاتووی (I)

داهاتوو(دادێ) و ئێستا + **befor** (II)

You will pass if you study.

If you study you will pass.

I will call you as soon as I get home.

As soon as I get home , I will call you.

## لکدانی دوو دێڕ بە یەکەوە

بۆ لکاندنی دوو دێڕ لە زمانی ئینگلیزیدا لە وشەی **that** کەڵک وەردەگرین.

**یاسای یەکەم :** کراو + کردار + بکەر + **that** + کراو + کردار + بکەر

لە زمانی کوردیدا بە جێی **that** لە وشەی "کە" کەڵک وەردەگیرترێت.

من دەزانم کە تۆ دێیت. **I know that you come.**

**یاسای دووهەم :** ئەگەر بکەری دێری یەکەم لەگەڵ بکەر یاخود "کراو"ی دێری دووهەم وەک یەک بن یا لە یەک بنەماڵە بن، لەو حاڵەتەدا کراو و **that** ی دێری دووهەم لادەچن و بە جێی ئەوان وشەی **to** دادەندرێت.

**I want you that you go** ⟶ **I want you to go**

**یاسای سێهەم :** ئەگەر دێری دووهەم نەرێنی بێت و بکەرەکە لەگەڵ بکەر یاخود کراوی دێری یەکەم وەک یەک بن یا لە یەک بنەماڵە بن، لەو حاڵەتەدا **that** و کردار و کرداری یارمەتیی دێرەکە لادەبەین و بە جێی ئەو وشەی **not to** دادەنێن.

**I want you that you don't go.**

**I want you not to go.**

**لەبیرت بێ :** چاوگ هەمیشە بە وشەی **not** نەرێنی دەکرێتەوە.

**(to go** ⟶ **not to go)**

**(to be or not to be)**

| | |
|---|---|
| **not to go** | **نەچوون** |
| **not to come** | **نەهاتن** |
| **not to write** | **نەنووسین** |

**یاسای چوارم :** ئەگەر لەگەڵ دێری یەکەم یەکێک لەو بکەرانەی خوارەوە بێ، دوای ئەوەیکە **that** و کردار لادەبەین، **to** ش هەر لادەبەین.

**let** ئیزن دان

**I let you that you go.** ⟶ **I let you to go** ⟶ **I let you go.**

**make** وادار کردن

**I make you that you be.** ⟶ **I make you to be** ⟶ **I make you be.**

**see** دیتن

**help** یارمەتیی دان

**hear** گوێ لێگرتن

**watch** سەیر کردن

**observe** دیتن

**feel** هەست پێکردن

**have** هەبوون

**know** ناسیین

**notice** سرنج راکێشان

**یاسای پێنجەم :** ئەگەر دێری هەوڵ لە کرداری هەستپێکەر دروست بووبێت، لەو حاڵەتەدا دوای ئەوەیکە **that** و کرداری بنەماڵەیی لادەبەین، کردارەکە وشەی **ing** ی دەگرێت.

**I see you that you go.** ⟶ **I see you going یا go.**
**I saw you that you go.** ⟶ **I saw you going یا go.**

**ئەو دێڕانە بە ئینگلیزی وەرگێڕەوە.**

١. من لە تۆم دەوێ کە لێرە یاری "تۆپی پێ" نەکەی.

٢. من خۆشحاڵم لەوەیکە تۆ نەخوێن (تەنبەڵ)ی.

٣. ئەوان پێیانخۆشە بە ئینگلیزی ئاخەفتن بکەن.

٤. ئیزنت دەدەم کە تۆ لێرە هەموورۆژێک پێ بکەنی.

٥. من تۆم بینی کە وانەی ئینگلیزی دەخوێنی.

٦. من دەبینم کە تو بۆ مامۆستا گوێ رادەگری.

١. want you not to play football here.
٢. I am happy that you are lazy.
٣. They like to speak English.
٤. I let you laugh here every day.
٥. I saw you studying.
٦. I see you listening to the teacher.

## دوو وشەی tell & say

ئەگەر ئاخەوتن بە تەنیایی بێت و یاخود دوای ئاخەوتن کراوی کەسی نەیەت، مانای " ئاخەوتن " دەبێتە **say** و رابردووەکەشی دەبێتە **said** .

ئەگەر ئاخەوتن لەگەڵ وشەی "بە" دا بێت یا دوای ئاخەوتن کراوی کەسی بکار بێت، وەردەگێڕدرێتەوە سەر وشەی **tell** و رابردووەکەشی دەبێتە **told** .

ئەگەر ئاخەوتن لەگەڵ ئامرازی بەستنەوە دا بێت، مانای **mean** دەگەیێنێت و رابردووەکەشی دەبێتە **meant**.

من مەبەستم تۆیت. مەبەستی من تویٖ. **I mean you**

**لەبیرت بێ :** دەتوانین بە جێی **tell** لە وشەی **say to** ش کەڵک وەرگرێن. بەڵام لەو وشانەی خوارەوە تەنیا لە **tell** کەڵک وەردەگیرترێت.

درۆکردن = **to tell a lie**

چیرۆک گوتن = **to tell a story /tale**

ڕاستی گوتن، گوتنی ڕاستییەکان = **to tell a fact**

قسەی خۆش گێڕانەوە، جۆک گوتن = **to tell a joke**

کاتژمێر ڕاگەیاندن = **to tell the time**

ناوی کەسێک هێنان = **to tell one's name**

فاڵ گرتنەوە = **to tell the fortune**

گوتنی جیاوازی مابەینی دوو شت = **to tell the difference**

هەواڵ ڕاگەیاندن = **to tell the news**

نهێنی درکاندن = **to tell the secret**

## ئاوەڵکرداری کاتی

دوو بەشن : ئاوەڵکرداری دیاریکراو و ئاوەڵکرداری دیارینەکراو.

ئاوەڵکرداری دیاریکراو  لە هەوەڵی دێڕەوە دێت، وەک:    هەمووڕۆژێک  = **every day**

ئاوەڵکرداری دیارینەکراو  هەر هەمان ئاوەڵکرداری دووپاتکراوەن وەک :

| | | | |
|---|---|---|---|
| بە گشتی | **usually** | زۆر جار | **often** |
| زۆر چەتوون | **hardly** | دایم، هەمیشە | **always** |
| جار جارە | **some times** | زۆر کەم | **seldom** |
| زۆر جار | **frequently** | بە گشتی | **generally** |
| زۆر کەم | **rarely** | زۆر کەم | **scarely** |

بۆ کردن بە شێوەی پرسیاری وشەی **ever** دەبێتە **never**.

ئاوەڵکرداری دووپاتکراوە چوار یاسایان هەیە.

**یاسای یەکەم :** لە مابەینی بکەر و کرداری سەرکیدا دێن.  وەک :

من هەمیشە دەچم بۆ ئەوێ.     **I always go there.**

**یاسای دووهەم :** ئەگەر لە دێڕدا کرداری یارمەتی تێدا بێت، ئاوەڵکرداری دووپاتکراوە بە دوای کرداری یارمەتیدا دێن. لە ڕاستیدا ئاوەڵکرداری دووپاتکراوە لە دێڕێکدا کە هەم کرداری سەرەکی و هەم کرداری یارمەتی تێدا بێت، دوای کرداری یارمەتی و پێش کرداری سەرەکی دێت. وەک :

ئەوان هەمیشە درەنگ دێن.     **They are always late.**

ئەوان دەتوانن هەمیشە یاری بکەن.     **They can always play.**

**یاسای سێهەم :** لە زمانی ئینگلیزیدا کاتێ پرسیارمان لێ دەکردرێ، دەتوانین بە دوو شێوە وڵام بدەینەوە، وڵامی کورت و وڵامی درێژ. کە هەمیشە وڵامی کورت بەهۆی کرداری یارمەتی پێک دێت.
وەک:     **Do you often go there?**

**Yes I often do. - I often go there.**

بەڵێ من زۆرجار دەچم، من زۆرجار دەچم بۆ ئەوێ.

**یاسای چوارەم :** ئەگەر دێڕەکە بە هۆی کرداری یارمەتی زەختی لەسەر کرابێت، ئاوەڵکرداری دووپاتکراوە لە پێش کرداری یارمەتی یەوە دێن. وەک :

**I never did go.**          **I always do go.**

## پیتی پەیوەندی

لە زمانی ئینگلیزیدا کاتێک بمانهەوێت ناوێک بێنینە ناو دێڕەکەوە، نیشانەیەکی تایبەت دەگرێ کە بەو نیشانەیە دەڵێن پیتی پەیوەندی. وەک : **The** کە لەگەڵ ناوەکانی تاک و کۆ دا دێت، و هەروەها :

- **a-an** بۆ " تاک"
  - **Some** بۆ "کۆ"
  - **any** بۆ کاتی پرسیاری و نەرێنی کەڵکی لێ وەردەگیرترێت

**She has a pen.**

**She has some pens.**

**Dose she have any pen?**

**Doesn’t she have any pen?**

سەبارەت بە **a , an** دەبێ بگوترێ کە :

- ئەگەر " **u** " بە دەنگی بەردەوام بخوێندرێتەوە، پیتی پەیوەندی " **a** " دەگرێ. بەڵام ئەگەر " **u** " بە دەنگی کورت بخوێندرێتەوە، ئەوە پیتی پەیوەندی " **an** " دەگرێت. وەک :

| | |
|---|---|
| "زانکۆ"یەک | **a** university |
| "ئۆتۆمۆبیل"ێکی کۆن | **a** used car |
| "چەتر"ێک | **an** umbrella |
| "مام"ێک | **an** uncle |

- ئەو ناوانەی وا بە **(one)** دەستپێدەکەن **(a)** دەگرن. وەک :

**A** one story building.
**A** one eyed man.
**A** one celled animal.

- ئەگەر لەگەڵ ناودا دەنگی (**h**) بخوێندرێتەوە، ئەوە پیتی پیوەندی " **a** " دەگرێت، دەنا ئەگەر نەخوێندرێتەوە، ئەوە پیتی پیوەندی " **an** " دەگرێت. وەک :

| | |
|---|---|
| "کات ژمێر"ێک | **an** hour |
| "پیاو"ێکی باش | **an** honest man |
| "پیاو"ێکی شاناز | **an** honor man |
| "دەست"ێک | **a** hand |
| "مریشک"ێک | **a** hen |
| "کڵاو"ێک | **a** hat |

**لەبیرت بێ :** پیتی پیوەندی **The** لەگەڵ چیاکان، دەریاکان، چۆمەکان، جەنگەڵەکان، دورگەکان و سەحراکان و هەروەها ... دا دێ.

پیتی پیوەندی **The** لەگەڵ ئەو شتانەی کە لە دنیادا تەنیا و تاقانەن دێت. وەک :

**The god, The sun, The earth, The moon, The sky**

پیتی پیوەندی **The** لەگەڵ بارودۆخی جوغرافیایی دا دێت. وەک :

| | |
|---|---|
| باکوور | **The north** |
| باشوور | **The south** |
| رۆژهەڵات | **The east** |
| رۆژئاوا | **The west** |
| جەمسەری باکوور | **The north pole** |
| جەمسەری باشوور | **The south pole** |

پیتی پیوەندی **The** لەگەڵ کتێبە ئایینیەکاندا دێت. وەک :

| | |
|---|---|
| ئینجیل | **The bible** |
| قورئان | **The koran** |
| تەورات | **The torah** |

**هەروەها لەبیرت بێ کە :**

بە دوای وشەی **made of** دا هیچکات پیتی پیوەندی نایەت. وەک :

**Butter is made of ~~the~~ milk.**

بەدوای وشەی **(’s)** دا پیتی پیوەندی **The** نایەت.

بەدوای ناوی شارەکان و پارێزگەکان و هەروەها وڵاتەکاندا پیتی پیوەندی **The** نایەت بە تاقانەی "تاقانەکان" کە پێشتر باسمان کرد.

بەڵام ئەگەر وڵاتەکان بە شێوەی ئەیالەتی بن پیتی پیوەندی **The** دەگرن، وەک :

| | |
|---|---|
| وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا | **The United States of America** |
| جمهووری شوورەوی | **The Soviet Union** |
| هولەند | **The Nether land** |

## ڕاناوی خاوەنی(خاوەندارەتیی)

ڕاناوی خاوەنی ئەو وشانەن کە لەگەڵ ناودا نایەن بەڵکوو بە جێی ئاوەڵناوی خاوەنی و ناوی پاش ئەودا دادەندرێن.

| تاک | | کۆ | |
|---|---|---|---|
| mine | هی من | ours | هی ئێمە |
| yours | هی تۆ | yours | هی ئێوە |
| his<br>hers<br>its | هی ئەو(نێر)<br>هی ئەو(مێ)<br>هی ئەو(شت) | theirs | هی ئەوان |

It is **my** book → it is **mine** ~~book~~.

ئاوەڵناوی خاوەنی ↗ ناو ↑ ڕاناوی خاوەنی ↗

### شێوەی ئیزافی یا خاوەندارەتیی دوو ناو :

لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ لکاندنی دوو ناو لە وشەی **(of)** کەڵک وەردەگیرترێت کە دەچێتە مابەینی دوو ناوکەوە. وەک :

دەرگای مەدرەسە — the door **of** the class

پاچکەکانی کورسی — the legs **of** the table

ئەگەر لە و ناوانە، یەکیان کەس بێت لە وشەی **(’s)** کەڵک وەردەگرین. وەک :

دایکی هیوا — Hiva’s mother

کتێبی هاوڕێ — Hauree’s book

ئەگەر ناوی دووهەم کۆ بێت لە وشەی **ies** یا **es** یا **s** کەڵک وەردەگیرترێت دەنا لە **(’s)**. تەنیا (,) ی بەکار دێنین و لە **(s)** مکەی کەڵک وەر ناگرین. وەک :

the students’ parents دایک و باوکی قوتابییەکان

ئەگەر ناوی دووهەم بە شێوەی "کۆ"ی بێ دەستوور بێت، لە ('s) کەڵک وەردەگرین. وەک :

the children’s parents دایک و بابی منداڵەکان

ئەگەر ناوی دووهەم ئاوەڵکرداری کات بێت، لەو حاڵەدا ('s) پێویستە. وەک :

today’s news هەواڵی ئەمڕۆ

tomorrow’s news هەواڵی بەیانی

**ڕوونکردنەوەی چەند وشە :**

**of** لە کەمەوە بۆ زۆر و لەگەڵ ژمارە دێت. وەک :

One **of** the students

Five **of** the chairs

Ten **of** the cars

**from** بۆ جیا بوونەوەی کات و مەکان کەڵکی لێ وەردەگیرترێت. وەک :

Take the knife **from** the child.
Take the book **from** the desk.
I work here **from** morning to / till night.
I walk **from** here to/till my house.
**from** here to my house is ٢ kilometers.

**to be from**
**to come from**
} هەر دووکیان بە مانای خەڵکی ناوچەیەک "بوون" دێت :

**out of** لە ژوورەوە بۆ دەرەوە چوون بەکار دەبردرێت. وەک :

I go **out of** the class.

I pulled him **out of** the pool.

out of sight , **out of** mind

my car is **out of** order

**out of** the work

**out of** the practice

**through** بە مانای "لە بەین" یا "لە نێوان"دێت . وەک :

| | |
|---|---|
| The river passes **through** this village. | ئەو چۆمە لە بەینی ئەو گوندەوە تێپەڕ دەبێ. |
| I can see **through** the glass. | من دەتوانم لە بەینی شیشەکەوە ببینم. |
| Don't look **through** the pipe. | لە نێو لولەکەوە سەیر مەکە. |
| The water passes **through** the pipe. | ئاو لە نێو لوولەکەوە تێپەڕ دەبێ. |

**than** بۆ باشتر بوون و هەڵسەنگاندن و هەروەها نیشانەی "er" لە ئاوەڵناوی یەک بەخشی و هەوەها نیشانەی "more " لە ئاوەڵناوی چەند بەخشی کەلکی لێ وەردەگیرترێت. وەک :

| | |
|---|---|
| old → elder → eldest | پیر ، پیرتر، پیرترین |
| beautiful → more beautiful → the most beautiful | جوان، جوانتر، جوانترین |

My brother is old**er than** me.

**since** بە مانای "چونکوو"، "بەو هۆیە"، "چونکە" دێت. وەک :

**Since** you are my friend I want to help you.

بەو هۆیەی هاوڕێی منی، دەمهەوێ یارمەتیت بدەم.

**Since** he is a good worker, I want to employ him.

بەو هۆیەی کارکەرێکی باشی، دەمهەوێ داتمەزرێنم.

**how** بە مانای لە کوێوە، چلۆن و بە شێوەی پرسیار لە ئەوەڵی دێرەکانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرترێت.
وەک :

How do you know my name?
How do you know my address?
How do you know my telephone number?

**to buy < at** شت کڕین لە جێگایەک

**to buy < from** لە کەسێک شت کڕین

وەک :

I bought the book from Hiva.
I bought the book from my father.
I bought the book from my teacher.
I bought the bread at the baker’s.
I buy the meat at the butcher’s.

# کاتی داهاتووی بەردەوام

## Future Continuous Tense

بۆ دروستکردنی کاتی داهاتووی بەردەوام لە زمانی ئینگلیزیدا بەسە ئەگەر بە دێری زمانی ئێستای بەردەوام یەک لە دوو وشەی **shall** یا **will** بلکێنین. وەک ئەو فۆرمولەی خوارەوە :

**Subject + shall /will + be + V.ing**

I shall be working
I will be working
He/she/it will be working
You will be working
We shall be working
We will be working
They will be working

بۆ ئاڵ و گۆڕ کردنی کاتی داهاتووی بەردەوام هەر لە دوو وشەی **shall** یا **will** کەڵک وەردەگیرترێت و ئەو دووە تەنیا لەگەڵ **I** و **We** بەکار دەهێندرێن. وەک :

I shan't be studying. you won't be going swinming.
Shall I be seeing you tomorrow?
Will you be coming here tomorrow?
Shan't I be working all day?
Won't they be watching TV tonight ?

بۆ بەکار هێنانی کاتی داهاتووی بەردەوام دوو بارودۆخ هەن :

١. بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارێک لە دەهاتوویەکی دیاریکراودا بۆ نموونە :

بەیانی زوو لە کلاس دانیشتوین و وانە دەخوێنین.

**We will be sitting in the class and studying tomorrow morning.**

٢. ئەگەر متمانەمان هەبێ کە لە داهاتوو دا کارێک بە ئەنجام دەگات، لە کاتی داهاتووی بەردەوام کەڵک وەردەگرین. بۆ نموونە :

**I will be seeing you tomorrow** — بەیانی دەتبینم.

**We will be having a test next week** — حەوتووی داهاتوو تاقیکاریمان هەیە.

نیشانەکانی کاتی داهاتووی بەردەوام

| | |
|---|---|
| all + ئاوەڵکرداری کات | **all day tomorrow** |
| کاتی دیاریکراو + داهاتووی کاتی ئاوەڵکردار | **This time next session** |

**At ٧ o'clock next session**

**At ٩ o'clock tomorrow/ tonight**

**ئەو دێڕانە بە ئینگلیزی وەرگێڕەوە.**

١. من ئەرخەیان بووم کە کتێبەکە هی ئێوە نییە.

٢. من دەبوایە هەرچی ئەو بیگوتبایە، ئەنجامم دابایە.

٣. ئەو پێی گوتم کە لەو بارودۆخەدا ناتوانێت یارمەتیم بدات.

٤. من نەمدەزانی کە تۆ دەتهەوێ ئازارم بدەی.

٥. ئەو پێیوابوو کە ئێوە رەنگە نەیێن بۆ ئێرە.

وڵامەکان :

١- I had to be sure that that book didn't belong to you.
٢- I had to do every thing that he told me.
٣- He said that he couldn't help me in this time.
٤- I didn't know that you wanted to bother me.
٥-He thought that you might not come here.

**ئەو دێڕانە بە ئینگلیزی وەرگێڕەوە.**

١. ئایا بەیانی تەواوی ڕۆژ کار دەکەیت؟

٢. کاتژمێری ٨ی ئەمشەو چ دەکەی؟ تلەویزیۆن سەیر دەکەم.

٣. من کاتژمێری ٣ ی بەیانی دێم. باشە چاوەڕوانی تۆم.

٤. پێموایە باشترە بەیانی بچینە دەرەوە، چونکە هیوا دەیهەوێت تەواوی ڕۆژ پیانۆ لێبدات.

٥. تۆ پێت وایە ئەگەر ئێمە بگەینێ، ئەوان چاوەڕوانمان بن؟

وڵامەکان :

١- Will you be working all the day tomorrow?
٢- What will you be doing at ٨ o'clock tonight? I am watching TV.
٣- I will come at three o'clock good!/well! I will be waiting for you.
٤- We had better go out because Reza will be playing the piano.
٥- Do you think when we get there, they will be waiting for us.

# Sequence of tenses                هەڵسەنگاندنی کاتەکان :

لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر چەند دێڕ بەدوای یەکتر دا بێن و دێری یەکەم شێوەی رابردووی هەبێت، دێرەکانی تریش دەبنە رابردوو.   وەک :

He said that he had to do whatever his elder brother said.
ئەو گوتی، دەبێ بەڕێوەی بەرێت، ئەو شتەی برا گەورەکەی دەڵێ.

He knew well that he didn't have the right to fire me.

## «Used to »

کارێکە کە لە رابردوودا بە شێوەی خدە و دووپاتبوونەوە پێک دێ کە لە کوردیدا دەکرێت ئەو مانایانەی هەبێت : (رابردوو، کاتی کۆن، رۆژانی پێشوو و یا کاتی گەنجی). بۆ پرسیاری و نەرێنی کردنی لە وشەی **did** کەڵک وەردەگیرترێت. وەک :

| | |
|---|---|
| He **used to** smoke a lot. | ئەو لە رابردوودا زۆری جگەرە دەکێشا. |
| Did you **use to** study here? | ئەری تۆ لەوە پێش لێرە وانەت نە دەخوێند؟ |
| I didn't **use to** see him very often. | من کاتی پێشوو زۆر ئەوم نەدەدیت. |

Used to : سەرڕای خدە و دووپاتبوونەوە، دیاریکەری بارودۆخ لە رابردوو دایە. وەک :

He **used to** be the dean of high school but he isn't now ,again.

ئەو لە رابردوودا مودیری قوتابخانە بوو، بەڵام ئێستا ئیتر نییە.

**لەبیرت بێ :** بە جێی **Used to** دەتوانیین لە وشەی **would** ش کەڵک وەرگرین بەڵام تەنیا بۆ خدە و دووپاتبوونەوە.

**used to/would**          **دووپاتبوونەوە - خدە**
**Used to**                **بارودۆخ**

else where :        جێگایەکی تر

someone else :      کەسێکی تر

وەک :

Whenever I needed some money, I used to/would go to my mother.

من هەرکات بێ پارە دەبووم، دەچوومە لای دایکم.

He used to work else where.

ئەو پێشوو لە جێگایەکی تر کاری دەکرد.

Did your father use to have a car?

ئەرێ جاران باوکت ئۆتۆمۆبیلی هەبوو؟

I used to sleep late, but I get up early now.

من جاران تا درەنگانێک دەخەوتم بەڵام ئەلان زوو لە خەو هەڵدەستم.

We used to live another the city.

من لە رابردوودا لە شارێکی تر دەژیام.

Some one else used to be our teacher.

لەمەوپێش کەسێکی تر مامۆستامان بوو.

**لەبیرت بێ : کرداری ing / ناو / راناو + to get used to یا to be used to**

**To be used to** بە مانای " خدە " یا "خوو گرتن" (لە رابردوودا) بە ...

**To get used to** بە مانای " خدە " یا "خوو کردن" (لە داهاتوودا) بە ...

وەک :

| | | |
|---|---|---|
| to take a nap : | خەونووچکە بردنەوە | |
| to do exercises : | وەرزش کردن | |
| or else : | دەنا | |

She **is used to** cats.
She **is used to** her mother.
She **is used to** taking a nap after lunch.

بە دوای ئەوانەدا دەکرێ ناو، راناو یا کرداری **"ing"** بێن. " **used** " لەو دوو شێوەیەدا لە بەرابەر وشەی " **accustomed** " بە مانای عادەت و خوو کردنە. وەک :

Some of you aren’t used to standing in front of the class but don’t worry, gradually you will get used to it.

ژمارێک لە ئێوە خدە تان نییە لەبەر کلاس راوەستن، بەڵام نگران مەبن وردە وردە خدە دەگرن.

**ئەو دێڕانە بە ئینگلیزی وەرگێڕەوە.**

١. ئەوەندە جگەرە مەکێشە دەنا خووی پێدەگری.
٢. من هیچ ماندوو نیم چونکە خووم بەوە گرتووە کە چەند کاتژمێر کار بکەم.
٣. ئەو خوویگرتووە (خدە، هۆگر) کە بەیانان وەرزش بکات.
٤. لە هەوەڵەوە خوومان بە مامۆستاکە نەگرتبوو بەڵام هەرچۆنێک بیت خوومان پێگرت.
٥. ئەو خووی گرتوە دوای نانی نیوەڕۆ سەرخەوێک بشکێنێت.
٦. ئایا خدە ت بە ژیان لەو گەڕەکە هەیە، نا خدە م نییە - نگەران مەبە هەرچۆنێک بێت خدە ی پێدەگری.
٧. ئەو خووی گرتوە پێش خەوتن کتێب بخوێنێتەوە.

وڵامەکان :

١. I Don’t smoke so much, or else you will get used to it.
٢. I’m not tired at all. I’m used to working for hours.
٣. He is used to doing exercises every morning.
٤. At first, we weren’t used to this teacher but , at last we got used to him.
٥. He is used to take a nap after lunch.
٦. Are you used to living in this area. No I am not (used to living here) Don’t worry, at last you get used to it.
٧. He is used to reading book before sleeping.

زۆر جار لە زمانی کوردیدا بۆ سەڵماندنی وتە لە ئاخری دێڕەکانەوە لە وشەکانی (مەگەر نا، مەگەر وانییە، وانییە یا بەڵێ؟ ) کەڵک وەردەگرین. لە زمانی ئینگلیزیدا بەو دوو شێوەیەی خوارەوە کەڵکی لێ وەردەگرن :

١. ئەگەر دێڕەکەمان ئەرێنی بێت، کرداری یارمەتی و " not " بە شێوەی "پرسیاری- نەرێنی" لە ئاخری دێڕەکە دادەنێین. وەک:

We must obey the regulations , **mustn’t we**?

دەبێ یاسا لەبەر چاو بگرین، مەگەر نا؟ یا نابێ لەبەر چاوی بگرین؟

He can trust us , **can’t he**?

دەتوانێ باوەڕتان پێ بکات مەگەر نا؟ یا ناتوانێت.

I believed what you said , **didn’t I**?

بروام بەو شتەی تۆ گوتت هەیە، نیمە؟

٢. ئەگەر دێڕەکە نەرێنی بێت، دەبێ کرداری یارمەتی و بکەر بە شێوەی "پرسیاری- ئەرێنی" لە ئاخری دێڕەکە دابنێین. وەک :

She isn’t afraid of the dog, **is she**?

ئەو (مێ) لە سەگ ناترسێت، وا نییە؟

They didn’t accuse him of stealing, **did they**?

ئەوان، ئەویان بە دز زانی، وانییە؟

You don’t like to be called stupid, do **you**?

تۆ خۆ پێتخۆش نییە پێت بڵێن "بێ مێشک"، مەگەر نا؟

**لەبیرت بێ :**

- چونکە **am not** کورت کراوەی نییە، لە باری پرسیارییەوە لە **aren’t I** و یا **am I not** کەڵک وەردەگرین. وەک:

I am faithful to ypu ,**aren’t I**?
I am faitful to you, **am I not**?

من سەبارەت بە تۆ وەفادارم، مەگەر نا؟

I am kind to the children, **aren’t I**?

من سەبارەت بە منداڵەکان میهرەبانم، مەگەر نا؟

- لە باری پرسیارییەوە بە جێی ناو لە راناوی بکەری کەڵک وەردەگیرترێت. ئەگەر دێڕەکە بە وشەی **there** دەست پێ بکات، هەر لە خۆی کەڵک وەردەگرین. وەک :

Money doesn’t bring luck, **does it**?

پارە بەختی چاک ناهێنێت، مەگەر نا؟

The students are willing to stay more, **aren’t they**?

زۆربەی قوتابییەکان پێیان خۆشە بمێننەوە، مەگەر نا؟

Hauree is waiting outside, **isn’t he**?

هاوڕێ لە دەرەوە چاوەڕوانە، مەگەر نا؟

**There** is no class today, **is there**?

ئەمڕۆ کلاس نییە، مەگەر نا؟

That book doesn’t belong to you, **does it**?

ئەو کتێبە هی تۆ نییە، وانییە؟

- هەر کات لە دێڕ دا وشەی نەرێنی وەک ئەو وشانەی خوارەوەمان هەبێت، باری پرسیارییەکەی ئەرێنی دەبێت.

Hardly / Never / Barely / No / Seldom/ None/ Rarely/ Little / Scarcely / Few

بۆ نموونە :

Money goes nowhere nowadays, **does it**?

لەمڕۆدا پارە بە هیچ جێیەک ناگات، وانییە؟

Asmer never tells lise, **dose she**?

ئەسمەر هیچ کات درۆ ناکات، وا نییە؟

- ئەو دێڕانەی کە بە let's دەست پێ دەکەن (کە شێوەی پێشنیار کردنیان هەیە) ، دەبێ شێوەی پرسیارییەکەیان وشەی **shall we** بێت. **وەک :**

**Let's** go to tell him every thing , **shall we**?
**Let's** study together, **shall we**?

وەرە با بچین و هەموو شتێکی پێ بڵێین، دێی؟

# Avoid Repatition پێشگیری لە دووپات بوونەوەی ناو

لە زمانی ئینگلیزیدا دوای لابردنی ناو دەبێ " **a** " و " **an** " ببنە " **one** ".
**Any & some** هیچ ئاڵ و گۆریان بەسەردا نایەت. ئەگەر ناوەکە بە وشەی " **no** " نەرێنی کرابێتەوە، کاتێک ناوەکە لادەبەین لە وشەی " **none** " کەڵک وەر دەگرین. کاتێک بمانهەوێت لە دووپاتبوونەوەی ناو پێشگیری بکەین، لە بەێنی دوو دێڕەکە بۆ ئەرێنی لە " **too** " و بۆ نەرێنی لە " **either** " کەڵک وەردەگرین.

| | |
|---|---|
| **a / an** ناو → **one, too** | I want to buy **a** car.<br>I want to buy **one, too**. |
| **some** ناو → **some, too** | I like **some** cold drink.<br>I like **some, too**. |
| **any** ناو → **any, either** | I don't have **any** change.<br>I don't have **any, either**. |
| **no** ناو → **none, either** | We have **no** class today.<br>We have **none, either.** |

to be willing: ڕازی بوون
party : میوانی
to know of: ناسیین/پێی شک هاتن

I want to buy some fruit , I want to buy some too.

من دەمهەوێ تۆزێک میوە بکڕم. منیش دەمهەوێ بکڕم.

He has a lot of good friends in this class, I have some too.

ئەو هەواڵی زۆر باشی لە کلاس هەیە. منیش هەمە.

I have no time to answer the telephone , he doesn’t have any either.

من کاتم نییە وڵامی تەلەفۆن بدەمەوە، ئەویش کاتی نییە.

I know of a good doctor, I know of one too.

من دۆکتۆرێکی زۆر باشم پێ شک دێت. منیش یەکێکم پێ شک دێت.

They arent willing to go to that party , either.

ئەوان پێیانخۆش نییە بۆ ئەو میوانییە بڕۆن. منێش.

# The additions پێشگیری لە دووپات بوونەوەی دێڕ

| | |
|---|---|
| ئەرێنی | **so** + کرداری یارمەتی + بکەر |
| ئەرێنی | بکەر + کرداری یارمەتی + **too** |
| نەرێنی | **neither** + کرداری یارمەتی + بکەر |
| نەرێنی | بکەر + کرداری نەرێنی + **either** |

وەک :

He is in a good mood today, so am I/ I am too.

ئەمڕۆ ئەو حاڵی باشە، منیش هەروەتر.

He used to study here, so did his brother/ his brother did too.

ئەو پێش لە ئێستا لێرە وانەی دەخوێند، براکەشی هەروەتر.

He doesn't have to work with you, neither do the workers/ the workers don't either.

ئەو مەجبوور نییە لەگەڵ ئێوە کار بکات، کارگەرەکانیش هەروەتر.

He won't attend the class tomorrow, his friend won't either/ neither will his friend.

ئەو بەیانی نایەتەوە بۆ کلاس، هەڤاڵەکەشی هەروەتر.

I thanked him, so did Samrend.

من سپاس بە ئەو دەڵێم، سامرەندیش هەروەتر.

He didn't say hello to me, neither did his brother.

ئەو سڵاوی لێنەکردم، براکەشی هەروەتر.

He is one of my old friends , so is Saman .

ئەو یەکێک لە هەڤاڵە کۆنەکانی منە، سامانیش هەروەتر.

We will have a test next week , so will they.

ئێمە حەوتووی داهاتوو تاقی کردنەوە مان دەبێت، ئەوانیش هەروەتر.

I can't understand your words well , neither can he.

من لە وتارەکەی تۆ چاک تێناگەم، ئەویش هەروەتر.

## CAN "له داهاتوودا"

ئەگەر لە دێرەکەماندا وشەی "توانین" مانای ئیجازە و مومکین بوون لە داهاتوودا بدات، لە وشەی "**can**" کەڵک وەردەگرین. بەڵام ئەگەر هێز و توانایی مەبەست بێت، لە "**will be able to**" کەڵک وەردەگرین. وەک :

You **can** come with me tomorrow, provided you ask your father’s permission.

تۆ دەتوانی بەیانی لەگەڵ مندا بێیت بەو شەرتەی ئیزنی باوکت هەبێ.

My foot hurts painfully, I **won’t be able to** play on the team tomorrow.

قاچم زۆری هێش هەیە، ناتوانم بەیانی لە تیمەکەدا یاری بکەم.

## MUST "له داهاتوودا"

ئەگەر وشەی "دەبێ" لە کاتی داهاتوودا شێوەی ئەمر و فەرمانی تێدا بێت یا خۆد لە لایەن وتەبێژ یا گوێدەرەوە گوترابێت، لە وشەی "**must**" کەڵک وەردەگرین. بەڵام ئەگەر ئەمر و دەستوور نەبێت و تەنیا هۆیەک بێت بۆ پێوست بوون بەکارێک، لەو حاڵەتەدا لە وشەی "**will have to**" کەڵک وەردەگرین. وەک :

You must do what I say, or else I will fire you.

تۆ دەبێ هەرچی کە من دەیڵێم بە جێی بگەیێنی، دەنا دەرت دەکەم.

If you want to pass in the university enterance examination , you will have to study hard.

ئەگەر بتهەوێت لە تاقیکاریی کونکوور دەرچیت، دەبێ زۆر باش بۆی بخوێنی.

## WANT له داهاتوودا

ئەگەر وشەی "توانین" مانای پێویست بوون و نیازبوون بدات یانی لەڕاسیدا لەگەڵ ناوێکی نادیار بێت، لە "**will want**" کەڵک وەردەگرین. ئەگەریش وشەی "توانین" لەگەڵ کردار بێت و مانای ویستنی بێت، لە "**to be going to**" کەڵک وەردەگرین و ئەگەر "توانین" لە تەک کراوی کەسیدا بێت و مانای چاوەڕوانی لێبوون بدات، لەو فۆڕمولەی خوارەوە کەڵک وەردەگرین.

**چاوگ + کراوی کەسی + want**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **want**<br>له<br>داهاتوودا | expect | | **want** +چاوگ+كراوى كەسى | چاوەڕوانى لێكردن، تكا كردن |
| | intend | | **to be going to** + كردار | ويستن |
| | need | | **will want** + "ناوى جگه له "كەس | پێويست بوون، نياز بوون |

وەك :

I will want my money next week - I’m going to buy a car- I want you to pay my money back.

من حەوتووى داهاتوو پارەكەم دەوێتەوە - دەمەوێ ئۆتۆمۆبيل بكڕم – لەتووم دەوێ پارەكەم پێ بدەيەوە.

## Some &any

**Some** بە مانای (ژمارێک، چەند دانەیەک) ە و پێش ناوەکانی بژاردنی کۆ بە مانای(کەمێک، بڕێک، تۆزێک) و پێش ناوەکانی بژاردن کەڵکی لێ وەردەگیرترێت و لە دێڕە نەرێنییەکاندا دەبێتە وشەی "**any**". وەک :

| | |
|---|---|
| I want to buy **some** books. | دەمهەوێ چەند کتێب بخوێنمەوە. |
| **Some** people say that he is crazy. | ژمارێک لە خەڵکی گوتیان شێتە. |
| There is **some** cold water in the jar. | بڕێک ئاوی فێنک لە گۆزەکەدا هەیە. |
| why didn't you eat **any** fruit? | بۆچی هیچ میوەت نەخوارد. |
| I don't want **any** of you to fail. | من نامهەوێت هیچکام لە ئێوە ڕەد ببنەوە. |

بۆ ڕوونکردنەوەی باشتر دەتوانین بڵێین :

- ئەگەر کاتی پرسیار کردن چاوەڕوانی وڵامی ئەرێنی بین، وڵامەکە بە وشەی "**some**" دەستپێدەکات.

You look thirsty , do you want some water?

- لە دێڕەکانی خوڵک کردندا "**some**" نابێ بە "**any**". وەک:

would you like **some** more tea? — جارێکیتریش چایی دەخۆیەوە؟

- ئەگەر ناوی بژاردە ی تاک بە گشتی نادیار بێ، پێش ئەو کەڵک لە وشەی "**some**" وەردەگرین.

You should have a good command of english because **some day** , **some student** may ask you **some question** that you can't answer.

تۆ دەبێ بەسەر زمانی ئینگلیزیدا زاڵ بی – چونکە ڕەنگە ڕۆژێک (ڕۆژەکە نا دیارە) – قوتابییەک (نادیار) پرسیارێکت لێ بکات کە نەتوانی وڵامی بدەیەوە.

- وشەی "**any**" لە دێڕی ئەرێنی لەگەڵ ناوی تاکدا دێت و زەختی وشەی "هەر" ە. وەک :

What would you like for lunch? Any thing you like.

بۆ کێشتی نیوەڕۆ چیت پێ خۆشە؟ **هەر** شتێک کە تۆ پێت خۆش بێت.

## راناوی نیوی نادیار

| | |
|---|---|
| یەک نەفەر / کەسێک | some body |
| یەک نەفەر / یەک کەس | some one |
| یەک شت | some thing |
| جێگایەک / شوێنێک | some where |
| جێگایەک / شوێنێک | some place |

ئەگەر بە جێی وشەی "**some**" لە وشەکانی "**every**" یا "**any**" کەڵک وەرگرین، ماناکەیان بەو شێوەیە دەگۆردرێت :

| | |
|---|---|
| هەموو / هەموو کەس | every body |
| هەموو / هەموو کەس | every one |
| هەموو شتێک | every thing |
| هەموو جێگایەک | every where |
| هەموو جێگایەک | every place |

ئەگەر بە جێی وشەی "**some**" وشەی "**no**" دانێن، ئەو راناوانە دەبنە نەرێنی. وەک :

| | |
|---|---|
| هیچ کەس | no body |
| هیچ کەس | no one |
| هیچ شتێک | no thing |
| هیچ جێگایەک | no where |
| هیچ شوێنێک | no place |

هەموو ئەو "راناو"انە وەک سێهەم کەسی تاک هەڵسوکەوت دەکەن.

some body / every body / nobody / any body → work**s**

ئەگەر بەو "راناو"انە حاڵەتی خاوەنییان بدرێتێ، بە دوایاندا پیتی " **'s**" دێت. تەنیا ئەگەر وشەی "else" یان لەگەڵ بێت، پیتەکە واتە " **'s**" دەکەوێتە ئاخرەوە.

Some body
every body
no body
any body

} + **'s** + ناو
} + else**'s** + ناو

هەرکات وشەی **Some** بە شێوەی بکەری دێڕەکە بێت، تەنیا بە وشەی "**no**" نەرێنی دەکرێتەوە. بەڵام ئەگەر بکەر نەبێت، بە دوو شێوە نەرێنی دەکرێتەوە :

١. ئەگەر دێڕەکە ئەرێنی بێت بە وشەی "**no**" نەرێنی دەکردرێن.

٢. ئەگەر دێڕەکە نەرێنی بێت، بە وشەی "**any**" نەرێنی دەکردرێن.

**Some**body knows him**.** کەسێک ئەو دەناسێت.
**No**body knows him. هیچ کەس ئەو ناناسێت.

He knows **some**body. ئەو کەسێک دەناسێت.
He knows **no**body. ئەو هیچ کەس ناناسێت.
He does**n't** know **any**body. ئەو هیچ کەس ناناسێت.

Is anybody going to say anything? ئایا کەسێک دەیهەوێت شتێک بڵێت؟
Nobody told me anything yesterday. دوێنێ هیچ کەس شتێکی بە من نەگوت.

I want every body to understand this matter.
من دەمهەوێت هەممو لەو تەوەرە تێ بگەن.

Some body's brother said some thing else.
Some body else's brother said some thing else.
برای کەسێکی تر شتێکی تری دەگوت.

We are going to visit some where else.
ئێمە دەمانهەوێت جێگایەکی تر ببینین.

وشەی **Some** بە شێوەی کۆ :

| | | | |
|---|---|---|---|
| some body/some one | کەسێک | some people | کەسانێک |
| some thing | شتێک | some things | شتهایەک |
| some where/some place | جێگایەک | some places | جێگاهایەک |

Else بە شێوەی کۆ دەگۆڕدرێت و دەبێت بە **other :**

| | | | |
|---|---|---|---|
| some body else | یەک کەسی تر | some other people | کەسانێکی تر |
| some one else | یەک کەسی تر | some other people | کەسانێکی تر |
| some thing else | یەک شتی تر | some other things | شتهای تر |
| some where else | یەک جێگای تر | some other places | جێگاهای تر |
| some place else | یەک شوێنی تر | some other places | جێگاهای تر |

ئەگەر لە حاڵەتی کۆدا بە جێی **some** لە **what** کەڵک وەربگیرترێت، بەو شێوەیەی لێدێت :

| | |
|---|---|
| what other people? | چ کەسانێکی تر؟ |
| what other things? | چ شتهایەکی تر؟ |
| what other places? | چ جێگاهایەکی تر؟ |

ئەگەر راناوە نیوە نادیارەکان لە حاڵەتی تاک دا بکەونە ژێر پرسیار، بەو شێوەیان لێ دێت :

| | | |
|---|---|---|
| some body else / some one else | who else? | ئیتر کێ |
| some thing else | what else? | ئیتر چی |
| some where else/ some place else | where else? | ئیتر کوێ |

لەبیرت بێ : بە جێگای **whom else** لە **who else** و بە جێگای **whose else** لە **who else's** کەڵک وەردەگرین وەک :

What other people are you going to invite for dinner?

دەتانەوێ چ کەسانێکی تر بۆ نانی شەوێ بانگهێشتن بکەن؟

Who else's car is outside?

ئۆتۆمۆبیلی چ کەسێکی تر لە دەرەوەیە؟

What other things does he know?

ئەو چ شتهایەکی تر دەزانێت؟

Who else liked to come here with you?

ئیتر کێ پێیخۆشبوو لەگەڵ تۆ بێت بۆ ئێرە؟

Who else's brother knows this matter?

برای چ کەسێکی تر سەبارەت بەو تەورە دەزانێت؟

## دوو خاوەنییە کان

چونکە **this** و **that** و "کۆ"یە کانیان واتە **those** و **these** ناتوانرێت لەگەڵ ئاوەڵناوی خاوەنی بەکار بهێندرێن، بەو هۆیە وەک ئەو فۆرمۆڵەی خوارەوە کە دوو خاوەنییان پێ دەگوترێت، کەڵکیان لێ وەردەگرین.

**this,that,these,those + ناو + of + ئاوەڵناوی خاوەنی / ’s**

This book of Hiva’s.
This book of mine.

I already know this brother of yours.

من ئەو برایەی تۆم پێشتر دەناسی.

May I borrow those two english books of yours?

دەتوانم کتێبە ئینگلیزییەکەت بە قەرز لێ وەرگرم؟

This son of Rebwar’s always bothers us.

ئەو کوڕەی کاک ڕێبوار هەمیشە ئازارمان دەدات.

These students of ours like to write more Kurdish sentences.

ئەو قوتابییانەی ئێمە پێیانخۆشە دێڕی کوردی زۆرتر بنووسن.

One student of mine wants to know the fact.

یەک لە قوتابییەکان پێیخۆشە ئاگاداری ڕاستییەکە بێت.

This teacher of ours sometimes doesn’t listen to our words.

ئەو مامۆستایەی ئێمە جارجارە گوێ ناداتە وتارەکانمان.

Some of your classmates decide to come here next Friday.

ژمارێک لە هاوکلاسییەکانی ئێوە دەیانهەوێت هەیینی داهاتوو بێنە ئێرە.

This elder brother of yours can make friends with that good student or friend of mine.

ئەو برا گەورەیەی تۆ دەتوانێ لەگەڵ ئەو دۆستە باشەی من ببێت بە هەواڵ.

## possesive forms شێوەکانی خاوەنی

١. ئاوەڵناوی خاوەنی

٢. راناوی خاوەنی

٣. of و 's

٤. own بە مانای (هەبوون، و خاوەن بوون) ە وەک هەموو کردارەکانی تر کەڵکی لێ وەردەگیرترێت.

His father **owns** a factory.

باوکی خاوەن کارخانەیە.

I used to **own** a bicycle.

من جاران دووچەرخەیەکم هەبوو.

لەبیرت بێ : هەر کات وشەکە زەخت بخاتە سەر ئاوەڵناوی خاوەنی، دەکردرێت بە own و دوای ئاوەڵناوەکە دێت.

| | |
|---|---|
| whose car is it? | ئەوە ئۆتۆمۆبیلی کێیە؟ |
| that is my own car. | ئۆتۆمۆبیلی خۆمە. |

لەبیرت بێ : کە وشەی belong to بە مانای هەبوون و خاوەنبوونە.

This fountain pen belongs to me. ئەو قەڵەم پاندانە هی منە / من خاوەنی ئەو قەڵەم پاندانەم.

Whom does this fountain pen belong to?

ئەو قەڵەم پاندانە (خودنویس) هی کێیە؟ خاوەنی ئەو قەڵەم پاندانە کێیە؟

# Putting two sentences together لكدانى دوو دێر

له زمانى ئينگليزيدا بۆ لكدانى دوو دێر لەگەڵ يەكتر، له وشەى "keep " كەڵك وەردەگرن. ئەگەر دێرى دووهەم شێوەى پرسياريى بێت، وشەى "if" لادەچێت و وشەى "whether " له جێى دادەنرێت. دێرەكە له شێوەى پرسياريى دێتە دەرێ. وەك :

I want to know if you will come here tomorrow on Friday.
I want to know whether you will come here tomorrow on Friday.
I want to know whether or not you will come here tomorrow on Friday.
I want to know whether you will come here tomorrow on Friday or not.

دەمهەوێ بزانم كه ئايا ئێوه رۆژى هەيينى دێن بۆ ئێره يا نا؟ ئێوه هەيينى دێنه ئێره يا نا؟

## دێرگەلى دوو پرسيارى

**ئا )** هەركات به وشەى پرسيارى له كەسێك پرسيار بكردرێت، و به هەر هۆيەك بمانهەوێت پرسياره كەمان دووپات بكەينەوه، وشەگەلى (گوتت، گوتى، فەرمووتان، تكايه ...) دەخرێنه ناو دێرەكانەوه كه وشەى هاومانای له زمانى ئينگليزيدا " **did you say**" ى يه كه بەدواى وشەى پرسياريدا دێن و هيچ كارلێكەريەكيان لەسەر كاتى دێرەكه نييه. وەك :

Where are you going? بۆ كوێ دەچى؟
Where **did you say**, you <u>are</u> going? گوتت بۆ كوێ دەچى؟

How much money do you have on you ? پارەت چەندە پێيه؟
How much money **did you say** you <u>have</u> on you? گوتت چەندەت پاره پێيه؟

**ب)** ئەگەر به وشەى پرسيارى له كەسێك پرسيار بكردرێت و گوێ لێدەر به جێى وەڵام پرسيارێك به پرسيارەكەى ئێمه ئيزافه بكات، له وشەى "ئەگەر گوتت" كه لەئينگليزيدا به "**do you think**" وەردەگێردرێتەوه، كەڵك وەردەگرترێت و دەكەوێته دواى وشەكانى پرسيارييەوه. وەك :

Who is he ? ئەو(نێر) كێيه؟
Who **do you think** he is? ئەگەر گوتت ئەوه كێيه؟

How old are you ? تەمەنت چەندەيه؟
How old **do you think** I am? ئەگەر گوتت تەمەنم چەندەيه؟

## وت و ویژ « self »

**١.** هەر کات بکەر و کراوی دێڕ یەک کەس بن لە زمانی کوردیدا لە وشەگەلی (خۆت، خۆم، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان ...) کەڵک وەردەگرین. بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا لەو راناوانەی خوارەوە کە "راناوی ئاوەژوو" یان پێ دەڵێن، کەڵک وەردەگیرترێت.

### Reflexive pronouns "راناوی ئاوەژوو"

| تاک | کۆ |
|---|---|
| myself خۆم | ourselves خۆمان |
| yourself خۆت | yourselves خۆتان |

وەک :

Why didn’t you introduce **yourself?**

بۆچی خۆتت بە ئێمە نەناساند؟

I think she is crazy, she is talking to **herself**.

من پێموایە ئەو(مێ) شێت بوە، لەگەڵ خۆی دەدوێت.

**٢.** ئەگەر"**self**" مکان "کراو"ی دێڕەکە نەبن، شێوەی زەخت یان دەبێت و لە ئاخری دێڕەکە یا دوای بکەر دادەندرێن. وەک :

You told it to me, **yourself.**
You, **yourself** told it to me.

تۆ خۆت وتارەکەت هەڵوەشاند.

They invited us **themselves**.
They **themselves** invited us.

ئەوان خۆیان ئێمەیان بانگهێشتن کرد.

**٣.** ئەگەر"**self**" مکان مانای تەواویان هەبێت، پێش ئەوان وشەی "**by**" ی پێوە زیاد دەکەین و ئەگەر شێوەی زەختیان هەبێت، لە وشەی "**all by**" کەڵک وەردەگرین. وەک :

My son is old enough to go to school **by himself**.

کورەکەم ئەوەندە گەورە بووە کە خۆی بە تەنیایی دەچێت بۆ قوتابیخانە.

He is sitting at the door **all by himself** and crying.

بە تاقی تەنیا لەبەر دەرکە دانیشتووە و خەریکە دەگری.

٤. هەر کات"**self**" ەکان لەگەڵ ئەمرازی پەیوەندی بێن و شێوەی ئاوەژوویان نەبێت(یانی خۆیان "کراو"ی دێڕ نەبن)، لەو حاڵەتەدا لە راناوی کراوی کەڵک وەردەگرین. کە ئەو یاسایە سەبارەت بە "**to**" و "**for**" دروست نییە.

I take the books with me/ ~~myself~~
she has some money on her/ ~~herself~~
close the window behind you/ ~~yourself~~
she made address for **herself**
I read the text to **myself**

## Here & There

**here** به ماناى ئێره و **there** به ماناى ئەوێ هەردووكيان "ئاوەڵكردارى جێى و شوێن"ى دێرن. بۆ زەخت كردنى دەتوانين له هەوەڵى دێرەكەوە داندرێن. لەو حاڵەتەدا ئەگەر "بكەر" ەكەمان ناو بێت، بكەر دەچێتەوە پێش ئەو.

| | |
|---|---|
| **Here** / **There** | **+ كردارى يارمەتى + راناوى بكەرى** |

| | |
|---|---|
| **Here** / **There** | **+ كردار + ناو** |

بۆ نموونە :

| | |
|---|---|
| Here I am. | ( بەڵێ لێرەم ، ئەوەتام ) |
| Here you are. | (فەرموو، ديتت) |
| Here it is . | ئەوەتا |
| There they are. | هۆوەتا |
| There are the children | هۆوەتان منداڵەكان. |
| Here comes the bus. | ئەوەتا بووسەكە دێت. |
| There goes your fathre. | هۆوەتا باوكت دێت. |

## چەند وتارى خوڵكى

| | |
|---|---|
| Help your self: | خوڵک بۆ خواردن |
| you first: | فەرموون (له پێش دەركه كاتى هاتنه ژوور) |
| after you: | فەرموون (له پێش دەركه كاتى هاتنه ژوور) |
| ladies first: | فەرموون، له پێشدا ژنەكان |
| please be seated: | فەرموون دانيشن |
| go on:/ go ahead | فەرموون درێژه بدن، كارى خۆتان بكەن |
| who is speaking: | فەرموون ئێوه كێن |

ئەگەر بمانهەوێت بوونی ناوێک لە شوێنیک دیاری بکەین بۆ " تاک" لە وشەی "**there is** " و بۆ "کۆ" لە وشەی "**there are** " کەڵک وەردەگرین. وەک :

There is a pen in my pocket , come and take it.
پێنووسێک لە گیرفانم دایە وەرە هەڵیگرە.

When I came in, **there were** two pens on my desk.
کاتێ هاتمە ژوورەوە، دوو پێنووس لەسەر میزەکە بوون.

**There is** some cold water in the refrigerator.
بڕێک سەهووڵ ئاو لە ناو سەلاجەکەدایە.

**ئەو دێرانە وەرگێڕەوە سەر زمانی ئینگلیزی :**

١. پێمخۆشە بزانم ئایا دەتهەوێ ئەو خانووە بکڕی یا بە کرێی بگری؟
٢. لێی بپرسە ئایا دەتوانێت کەمێکت پارە بە قەرز بداتێ؟
٣. ئەرخەیان نیم کە ئایا ئەو لەگەڵ من بۆ کۆبوونەوەکە دێت یان نا؟
٤. ئەو خۆی بە تەنیا لەو خانووە چکوولەیەدا دەژی.
٥. خۆزگە من بمتوانیبایە خۆم ئەوجۆرە ببینم کە کەسانی تر دەمبینن.

**وڵامەکان :**

١- I want to know whether you are going to buy or rent the house.
٢- Ask him if he can lend you some money.
٣- I’m not sure whether he will come to the meetting with me or not.
٤- He lives in this small home by him self.
٥- I wish I could see my self as others see me.

## « it »        گفت و گۆ

هەر کات "بکەر"ی دێڕەکە بە هەر هۆیەک دیار نەبێت، لە "راناو"ی " **it** " وەک جێگری بکەر کەڵک وەردەگرین. وەک ئەو نموونانەی خوارەوە:

**١. ئاو و هەوا :** وەک :

**It** is hot today.
**It** is cold today.
**It** was raining. — هەوا بارانی بوو.

**It** is sunny. — تاو هەڵاتووە(ئاوا بووە).

**٢. ئاوەڵکرداری کات :** وەک :

Hurry up ! **it** is getting late . — خێراکەن، خەریکە درەنگ دەبێ.
What time is **it** ? **it** is five to two. — کاتژمێر چەندەیە؟ پێنج خولەی ماوە بۆ دوو.

**٣. دووری رێگا :** وەک :

it is far. — دوورە.
How far is **it** from here? — لێرەوە چەندە دوورە؟
**it** is about ٥ miles. — ٥ مایل دەبێ.

**٤. ناسین :** وەک :

Who is **it** at the door? **It** must be Hauree. — کێ لە بەر دەرگاکەیە؟ دەبێ هاوڕێ بێت.

**٥. لەگەڵ ئاوەڵناوەکان :**

**it + is / was / will be + ئاوەڵناو + ( for + چاوگ+کراو)**

ئاخەفتن بە ئینگلیزی زۆر هاسانە.

It is easy.
It is easy **to speak** English.
It is easy **for you to speak** English.

**٦. وشەی " it " لە شوێنی جۆرواجۆر بەکار دەهێندرێت.** وەک :

| | | | |
|---|---|---|---|
| That is it | بۆخۆیەتی | It is a pity : | حەیف بوو |
| it is time**:** | کاتی خۆیەتی | Be it so : | ئاوای لێ بێت |

It pays well/ it is worth it: نرخی خۆی هەیە / هەڵسەنگاندن / بە نرخە / بە ئەرزشە
take it easy: بێ خەیاڵ بە / زۆر سەختی مەگرە
it makes no difference : جیاوازی پێ ناکا، تۆفیری پێ ناکا
**it is no** Use/ Good + کردار + ing بێ فایدەیە / بێ سوودە
It isn't up to you / It is none of your business پەیوەندی بە تۆوە نییە

**بە کار هێنانی کردارێک لە ١٦ کات دا**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | I take. | کاتی ئێستای سادە |
| ٢ | I am taking. | کاتی ئێستای بەردەوام |
| ٣ | I have taken. | کاتی ڕابردووی گێڕاوەیی |
| ٤ | I have been taking . | ڕابردووی گێڕاوەیی بەردەوام |
| ٥ | I will take. | داهاتووی سادە |
| ٦ | I will be taking. | داهاتووی بەردەوام |
| ٧ | I will have taken. | داهاتووی تەواو |
| ٨ | I will have been taking. | داهاتووی تەواوی بەردەوام |
| ٩ | I would take. | داهاتوو لە ڕابردوودا |
| ١٠ | I would be taking. | داهاتوو لە ڕابردووی بەردەوام |
| ١١ | I would have been taking. | داهاتوو لە ڕابردووی تەواوی بەردەوام |
| ١٢ | I would have taken. | داهاتوو لە ڕابردووی تەواو |
| ١٣ | I took. | ڕابردووی سادە |
| ١٤ | I was taking. | ڕابردووی بەردەوام |
| ١٥ | I had taken. | ڕابردووی تەواو |
| ١٦ | I had been taking. | ڕابردووی تەواوی بەردەوام |

## ئامرازی ئیزافی شوێن

١. **along = به ماناى به درێژايى / له راستاى**

**across = به ماناى ئەوبەر**

I went **across** the street. من لەم بەری شەقامەکەوە چوومە ئەوبەری تر.

I saw him walking **along** the street yesterday.
دوێنی ئەوم دیت لە پەنا شەقامەکە پیاسەی ئەکرد.

There is a sandwich shop **across** the street.
دووکانی ساندویچبیەک لەوبەری شەقامەکەیە.

٢. **به ماناى "دژبه" یا "خۆ پێهەڵواسین" به شتێکەوە.**

They voted **against** us. ئەوان دژ بە ئێمە دەنگیان دا.
It is **against** regulations. ئەوە دژبە یاسایە.

٣. لە پێش ئامێری هات و چۆ و هەروەها شتی سەفەر کردن لە ئامرازی پەیوەندی **"by"** کەڵک وەردەگیرترێت. ئەگەر پێش ئامێری هات و چۆ ئاوەڵناوی خاوەنی یا وشەگەلی پێناس (پەیوەندی) بێن، لە وشەی **"in"** کەڵک وەردەگیرترێت. بۆ ئۆتۆبووس وشەی **"on"** یش دروستە و سەبارەت بە ئاژەڵ و ئامێری دووچەرخ یش هەر لە وشەی **"on"** کەڵک وەردەگیرترێت.

**By** bus , **By** taxi , **By** car , **By** subway , **By** plane
**By** land , **By** sea , **By** air , **By** train ( rail road )
**in**/on **a** bus
**in** the car , **in** my car
**on** a bicycle , **on** a horse

٤. **outside # inside : inside** دیاری کەری بۆشایی ناوەوەیە و دژبەرەکەشی **outside** یە. وەک :

It is hotter **inside** the class than **outside**.
ژوورەوەی کلاس مکە گەرم ترە لەدەرەوەی.

The door is locked from **inside**.
دەرکەکە لە ژوورەوە قفڵ کراوە.

### ٥. in # out , into # out of

**in** بە مانای وشەگەلی (لە، ناوەوە، نێوەوە) ە و کاتێک کەڵکی لێ وەردەگیرترێت کە کارێک لە جووڵانەوەدا نییە و ئەگەریش بێت، ناوی شوێنەکەی ناگوترێت. لە حاڵەتی گوتنی شوێن لە وشەی " **into**" کەڵک وەردەگرین. دژبەری **in** "**out**" و دژبەری **into** "**out of**" ە. وەک :

The student are in class. قوتابییەکان لە ناو کلاسەکە دان.
come in. وەرە ژوورەوە
go out. برۆ دەرەوە
come into the class. وەرە ناو کلاسەکە.
go out of the class. برۆ دەرێ لە کلاس.

He jumped **into** the pool with his clothes on and pulled the drowning boy **out of** the pool.
بە لباسەوە خۆی حەوادا ناو حەوزەکەوە و ئەو منداڵەی خەریک بوو بخنکێت، رزگاری کرد.

**لەبیرت بێ :** بۆ شوێنی سەر داپۆشراو و خواردەمەنی ئاوی و حەسار(شوێنی دەور گیراو) لە وشەی **in** کەڵک وەردەگیرترێت.

in the room , in the office سەرداپۆشراو
in the yard , in the gardan حەسار
in the river , in the sea خواردەمەنی ئاوی(وەک ئاو)

پێش وشەگەلی **there , here** دەتوانین لە وشەی "**in** " کەڵک وەرگرین. وەک :

Come in here. وەرە ئێرە
Don’t smoke in there . لەوێ جگەرە مەکێشە

to eat in. لە ماڵێ کێشت خواردن
to eat out. لە دەرەوە کێشت خواردن
to be in. لە ماڵ بوون
to be out. لە دەرەوە
to let in. ئیزن وەرگرتن بۆ هاتنە ژوور
to breathe in. هەناسە هەڵکێشان
to breathe out. هەناسە دەردان

٦. **at** بە مانای (پەنا، نزیک، لەبەر) دێت و سەبارەت بە وشەکانی **table , desk** مانای پشتەوە ی هەیە. وەک :

He is sitting **at** the window and watching out.
ئەو(نێر) لە پەنا پەنجێرە دانیشتووە و سەیری دەرەوە دەکات.

Sit **at** your desk and teach.
لە پشت میزەکەت دانیشە و وانە بڵێوە.

**بۆ جێی و شوێن** : **in** بۆ گەورە و **at** بۆ چکوولە کەڵکیان لێ وەردەگیرترێت. وەک :

The plane will land **in** Hewler **at** Hewler airport.

فڕۆکەکە دەیهەوێت لە هەولێر لە فرۆکەخانەی هەولێر بنیشێت.

**بەڵام بۆ دام و دەزگا :** **at** بۆ گەورە و **in** بۆ چکوولە کەڵکیان لێ وەردەگیرترێت. وەک:

He works **at** the oil company **in** accounting department**.**

ئەو(نێر) لە کارخانەی نەوت لە بەشی ئیداری کار دەکات.

دەکرێ دێڕەکە ئاواش بێ :

Mr Jones is somewhere **at** the office but not **in** his office.

ئاغای جۆنز لە شوێنێکی ئیدارەیە بەڵام لە دەفتەری خۆی نییە.

٧. **on** کاتێک بەکاردەهێندرێت کە شتێک لەسەر شتێکی تر داندرابێت. وەک :

Don’t sit **on** the floor ! sit **on** the chair.
لەسەر زەوی دامەنیشە، لەسەر کورسی دانیشە.

**٨. : over & above**

وشەگەلی **Over** و **above** کاتێک کەڵکیان لێ وەردەگیرترێت کە بە بێ ئەوەی پێکەوە نووسابن، شتێک لەسەر شتێکی تر بێت. بەو جیاوازییەی کە **Over** حاڵەتی شاقول و **above** حاڵەتی تەرازیان بێت.
دژبەرەکانی **Over "under"** و **above "below"** ەش یە.

وەک :

Where should I write my name? **over** the line or **under** it .

ناوەکە دەبێ لە کوێ بنووسم، لەسەر خەتەکەوە یان لە ژێر خەتەکەوە.

There are four lights **above** our heads.
چوار دڵۆپ(لامپ) لەسەر سەری ئێمەوەن.

What is it **under** your foot?
ئەوە چییە لە ژێر قاچت؟

## ڕابردووی گێراوەیی

کاتی ڕابردووی گێراوەیی کارێکە کە لە ڕابردوودا دەست پێدەکات و ئێستاش کە سەبارەت بەو دەدوێین، جێ پێ و ئاکامی هەر دیارە. وەک :

I have known him **for** two years.

ماوەی دوو ساڵە کە ئەو دەناسم.

He has had this car **for** five years.

ماوەی ٥ ساڵە کە ئەو ئۆتۆمۆبیلەی هەیە.

He has been here **since** two o'clock.

ئەو لە کاتژمێری ٢ ەوە تا ئێستا لێرەیە.

He hasn't gone to school **since** last week.

لە حەوتووی ڕابردووەوە تا ئێستا نەچۆتەوە بۆ قوتابخانە.

I haven't notified them.

من بە ئەوانم نەگوتووە.

**نیشانەکانی کاتی ڕابردووی گێراوەیی :**

١. **:for**

**for + درێژایی ماوەی کات**

for two weeks. دوو حەوتووە

**for the last/ past + درێژایی ماوەی کات**

for the last two weeks. لە دوو حەوتوو لەمەوبەرەوە تا ئێستا

٢. **: since**

**since + ئاوەڵکرداری کاتی ڕابردوو**

since yesterday لە دوێنێوە تا ئێستا

**since + last + ئاوەڵکرداری کات**

since last week لە حەوتووی ڕابردووەوە تا ئێستا

### ٣. since / since then/ever since : لەو دەمەوە تا ئێستا

He left for England two weeks ago and I haven't heard from him since/ since then/ ever since.

ئەو(نێر) دوو حەوتوو لەمەوبەر رۆیشتۆتوە بۆ ئینگلیس و لەو کاتەوە هەواڵم لێی نییە.

٤.

**( I ) رابردووی سادە + since + ماضي نقلي**

**( II ) رابردووی سادە + since + ئاوەڵکرداری کات + it is**

لە فۆرمولی **( I )** دا ئەگەر پێش وشەی "**since**" ئاوەڵکرداری کات بێت، فۆرمولەکە دەبێتە فۆرمولی **( II ) . وەک :**

It has been three months **since** we started this term.
It is three months **since** we started this term.

لەو کاتەوەی ئەم دوو نیو ساڵ(ی خوێندن )ە مان دەستپێکردووە، سێ مانگ رابردووە(تێپەڕ بووە).

**ئەو دێرە کوردییانە وەرگێرەوە :**

١. لەو کاتەوە هەڤاڵەکەی مردووە تا ئێستا زۆر بە داخەوەیە.
٢. ماوەی دوو نیو ساڵ(ی خوێندن ) ە ئینگلیزی دەخوێنین بەڵام هێشتا ناتوانین ئاخەفتنی پێ بکەین.
٣. ئەو لە بەیانییەوە تا ئێستا هیچی نەخواردوە.
٤. ماوەی سێ ساڵە ئەو لە قوتابیخانە وانەی بیرکاری دەڵێتەوە.
٥. ماوەی یەک و نیو کاتژمێرە کە ئەو لێرەیە.

وەڵامەکان :

١- He has been very upset since his friend died.
٢- We have studied English for two terms but we can't speak.
٣- He hasn't eaten anything since morning.
٤- He has taught mathematics in this school for three years.
٥- He has been here for an hour and a half.

٥. **recently- lately** : هەردووکیان بە مانای " تازەیی "، "زۆر لەمێژ نییە" ن.

وەک :

He has **recently / lately** bought a new car.

ئەو زۆر لەمێژ نییە ئۆتۆمۆبیلێکی نوێی کڕیوە.

٦. **ever-never** هەردووک بە مانای قەت ، تا ئێستا، ن بەو جیاوازییەی **ever** لە دێڕی پرسیاری و نەرێنی کەڵکی لێ وەردەگرن، بەڵام **never** لە دێڕی ئەرێنی کەڵکی لێ وەردەگیرترێت و مانای دێڕەکان نەرێنی دەکاتەوە. وەک :

Have you **ever** been to England ?
No, I haven't **ever** been to England.
No, I have **never** been to England.

ئایا تا ئێستا بۆ ئینگلیس رۆیشتووی؟ نا قەت (هیچکات) نەچوومەتە ئەوێ. نا تا ئێستا نەچوومەتە ئەوێ.

٧. هەرکات "تا ئێستا" بە شێوەی تەنیا کەڵکی لێ وەرگیرترابێت، بە یەک لەو وشەگەلەی خوارەوە وەردەگێردرێتەوە و لە ئاخری کاتی ڕابردووی گێڕاوەیی بەکاری دێنن.

So far
by now
up to now
up till now
up to the present time.
I have reviewed this lesson twice **so far.**

٨. **already** کارێک دەگێڕێتەوە کە پێش ویستی ئێمە پێک هاتبێت. وەک :

We are late , the bell has **already** gone/ rung.

ئێمە درەنگ گەییشتینێ، زەنگی لێ دابوو.

٩. **just** بە مانای هەر ئێستا ، کاتێ لەمەوبەر وەک :

I have **just** finished my work.

من هەر ئێستا کارەکەم تەواو کرد.

١٠. **yet :** بە مانای **"مەگەر نا"** لە ئاخری دێڕی پرسیاری و بە مانای **"ئێستا"** لە ئاخری دێڕی نەرێنی وە دێن. بەو مەرجەی کرداری یارمەتی و وشەی "**not**" کورتکراوە بن کە ئەگەر کورتکراوە نەبن دوای "**not**" بە کاریان دێنن. وەک :

Have you notified them **yet** ?

ئایا تۆ بە ئەوانت راگەیاندوە یا نا؟

No, I haven’t notified them **yet**.
No, I have not **yet** notified them.

نا من ئێستا بەوانم رانەگەیاندووە.

١١. **yet :** بە مانای **"جارێ یا ئێستا نا"** لە ئاخری وتەی نەرێنی بەکاردەهێندرێت وەک :
١٢.

don’t do that **yet**.

جارێ ئەو کارە مەکە.

don’t tell them anything **yet**.

جارێ هیچ شتێک بەوان مەڵێ.

**١٣.** **still** : بە مانای ئێستاکە، دیسان، دیسانیش، لە دێری سادەی ئەرێنی و پرسیاریدا پێش کرداری سەرەکی و دوای کرداری یارمەتی کەڵکیان لی وەردەگیرترێت و کارێکە کە لە رابردووەوە دەستی پێکردوە و هێشتا هەر درێژەی هەیە.

**لەبیرت بێ :** لە دێرەکانی نەرێنی "**still**" **بە** **anymore/ any longer** دەگۆردرێت و لە ئاخری دێرەکانەوە دێت.

I used to study English.
Do you **still** study English.
No , I don’t study English **anymore/any longer.**

## ڕابردووی چۆنایەتی

**ئا )** بە هەر کارێک کە پێش ڕابردوویەک پێک هاتبێت ڕابردووی چۆنایەتی پێ دەڵێن.

**ماوەی درێژی کات + For + ڕابردووی چۆنایەتی**

I had known him for two years.

دوو ساڵ بوو ئەوم دەناسی.

He hadn't eaten anything for three days when we took him to the doctor.

کاتێک بۆ لای دۆکتورمان برد، سێ ڕۆژ بوو کە هیچ شتێکی نەخواردبوو.

**ب )**
بوونی وشەگەلی وەک (بووم، بووی، بووین، بوون و ...) لە دێرەکاندا دوای ناوی کراو یەک لە نئشانەکانی تری ئەو کاتەیە. وەک :

He said ( that ) he had notified you before.

ئەو گوتی کە پێشتر بە ئێوەی ڕاگەیاندبوو.

He said ( that ) he had notified you before.

پێموابوو کە تۆ لە هەموو شتەکان تێگەیشتبووی.

بۆ دروستکردنی ئەو کاتە لەم فۆرمولەی ژێرەوە کەڵکوەردەگیرترێت.

**Subject + had + past participle**

نیشانەکانی :

**ڕابردووی سادە + when/before + ڕابردووی چۆنایەتی** وەک :

I had gone **when/ before** you came in　　　من ڕۆیشتبووم کاتێ تۆ هاتییە ژوورەوە.

**ڕابردووی چۆنایەتی + after+ ڕابردووی سادە** وەک :

I come in **after** you had gone.

من هاتمە ژوورێ دوای ئەوەیکە تۆ ڕۆیشتبووی.

**ڕابردووی چۆنایەتی + since+ ڕابردووی سادە** وەک :

You had gone **since** I had arrived.

لەو کاتەوە کە من گەیشتبووم، تۆ ڕۆیشتبووی.

I had taken no examination since I had failed.

لەو کاتەوە کە ڕەد ببوومەوە(سەرنەکەوتبووم)، تاقیکاریشم نەدابوو.

## داهاتووی تەواوی بەردەوام

داهاتووی تەواوی بەردەوام کارێکە لە کاتێکەوە دەستیپێکردووە و تا داهاتوو بە شێوەی درێژەدا هەر ئیدامەی هەیە. دروستکردنەکەی وەک ئەو فۆرمولەی خوارەوەیە :

**Subject + will have been + verb + ing+ for + ماوەی درێژی کات + by + ئاوەڵکرداری کاتی داهاتوو**

وەک :

We will have been studying for two hours by eight o'clock.

تا کاتژمێری ٨، دوو کاتژمێرە کە خەریکی وانە خوێندنین.

We will have been living in Bokan for ten years by next month.

تا مانگی داهاتوو، ١٠ساڵە کە لە بۆکان دەژین.

**ئاڵ و گۆڕ :** هەموو ئاڵ و گۆڕێک بۆ کاتی داهاتووی بەردەوام بە هۆی کرداری یارمەتیی **Will** بەڕێوە دەچێت.

نیشانەکان :

**By + ئاوەڵکرداری کاتی داهاتوو**

## ڕابردووی تەواوی بەردەوام

کارێکە کە لە ڕابردوودا دەستپێکردوە و تا ڕابردوویەکی تر بە شێوەی بەردەوام پێکهاتبێت. بۆ دروستکردنی کاتی ڕابردووی تەواوی بەردەوام لە زمانی ئینگکیزیدا لەم فۆرمولەی خوارەوە کەڵک وەردەگیرترێت.

**کرداری ڕابردووی سادە+بکەر+before/when+ماوەی درێژی کات+Subject + had been + verb + ing + for**

وەک :

I **had been teaching** for half an hour when you came.

کاتێ تۆ هاتی، ماوەی نیو کاتژمێر بوو وانەم دەگوتەوە.

I **had been doing** the cooking for two hours before you called.

پێش ئەوەیکە تەلەفوونم بۆ بکەی، ماوەی ٢ کاتژمێر بوو کێشتم لێدەنا.

ئاڵ و گۆڕ : هەموو ئاڵ و گۆڕێک بۆ کاتی ڕابردووی تەواوی بەردەوام بە هۆی کرداری یارمەتیی **had** بەڕێوە دەچێت.

نیشانەکانی ئەم کاتە دەتوانن **when** یا **before** بن.

| | | | |
|---|---|---|---|
| talkative : | زۆربڵە | crowded | هار، بەدفەڕ |
| intelligent : | بەمێشک، زرینگ،ژیر | taciturn : | کەم قسە |
| ugly : | ناحەز | rich : | دەوڵەمەند |
| | | considerable : | لەبەرچاو |

## adjective ئاوەڵناو

ئاوەڵناو دۆخ و چۆنییەتی ناو بەیان دەکات. لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناو پێش ناو دێت. وەک :

قوتابی ورد بین **careful** student .

ئاوەڵناو دەتوانێت بە شێوەی یەک یا دوو یا چەند وشە پێش ناو بهێندرێت. وەک :

کتێبە سەوزە تازەکەم. my **new green** book.

**لەبیرت بێ :** ئەگەر ئاوەڵناو بکەوێتە دوای ناوەوە دەبێ لە کرداری بەستنەوە کەڵک وەرگیرترێت. وەک :

**ئاوەڵناو + to be + ناو**

**ئاوەڵناو + to get + ناو**

**ئاوەڵناو + to turn + ناو**

**ئاوەڵناو + to become + ناو**

**ئاوەڵناو + to grow + ناو**

**ئاوەڵناو + to make + ناو**

My father grew **angry** .
In spring the leaves turn **green.** لە بەهاردا گەڵاکان سەوز دەبن.
Today the weather got **cold** . ئەورۆ هەوا سارد بوە.

کرداری بەستنەوەی دیکەش هەن وەک **Seem / Appear/ Look/ Sound/ Taste / Smell / Feel** کە دوای ئاوەڵناو دێن.

**لەبیرت بێ :** کە دوای کرداری بەستنەوە هیچکات ئاوەڵکردار نایەن وەک :

لەوە دەچێت ئەو(نێر) زۆر توورە بێت. he looks( ~~angrily~~ ) angry.

لەوەدەچێت سووپەکە سرووشتی نەبێت. the soup tastes ( un~~usually~~ ) unusual.

ئاوەڵناو بە شێوەی کۆ کەڵکی لێوەرناگیرترێت. تەنیا دوو ئاوەڵناوی نیشاندانی this و that دەتوانن دوای ناو بە شێوەی کۆ و تاک بێن.
وەک :

This book These books .
That book Those books .

ئاوەڵناو لە باری هەڵسەنگاندنەوە بەسەر سێ ڕەدە دابەش دەکردرێن :

١. **ڕەدەی وەک یەک**(بەرابەر): دوو ناو هەڵدەسەنگێنێت و ئەوان وەک یەک دەناسێنێت. وەک :

Asmer is **as tall as** Shilan. باڵای ئەسمەریش بەقەد شیلانە.

یا بەو شێوەیە :

Asmer is **as tall as** Shilan.
Asmer is **not so tall as** Shilan.

٢. **ڕەدەی باش:** دوو ناو هەڵدەسەنگێنێت بەڵام یەکێکیان باشتر یا خراپتر دەنوێنێت. وەک :

Asmer is taller **than** Shilan. ئەسمەر لە شیلان باڵابەرزترە.

ئەو ئاوەڵناوانەی وا لە سێ بەش زیاتر پێکهاتوون، لە پێشیانەوە وشەی **more** بەکاردەهێندرێت. وەک:

My book is **more** **interesting** **than** yours .

٣. **ڕەدەی باشتر :** چەند ناو هەڵدەسەنگێنێت و لە نێوانیاندا یەکیان بە باشترینیان دادەنێت. وەک :

Asmer is **the** **tallest** student in the class .
ئەسمەر باڵابەرزترین قوتابیی ناو کلاسەکەیە.

بەو هۆیەی کە لەو ڕەدەیەدا ناوەکە دیاریکراو و ناسراو دەبێت، بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی **the** زۆر لازمە. هەموو ئاوەڵناوە یەک بەشییەکان بە ئاخریان وشەی **est** دەلکێندرێن.

هەموو ئەو ئاوەڵناوانەی وا لە سێ بەش زیاتر پێکهاتوون، پێش ئەوان وشەی **most** یان پێوە دەلکێندرێت.

My book is **the most** **interesting** book in the library.

لە نێوان ئەو ئاوەڵناوانەی وا دوو بەشین، ئەوانەی کە پیتی **y** نیان لە ئاخرەوە هەبێت، لە ڕەدەی دوو واتە (ڕەدەی باش) **er** دەگرن و لە ڕەدەی باشتر دا **est** وەردەگرن.

happy → happier than → the happiest

busy → busier than → the busiest

بەڵام ئەو ئاوەڵناوە دوو بەشیانەی وا پیتی **y** نیان لە ئاخرەوە نییە، لە ڕەدەی باش دا وشەی **more** و لە ڕەدەی باشتر دا وشەی **most** یان پێوە دەلکێندرێت.

Active / **more** active **than** / **the most** active
Comic / **more** comic **than** / **the most** comic

ئاوەڵناوە بێ دەستوورەکانیش لەو دەستوورانەی کە پێشتر باسمانلێکرد پەیرەوی ناکەن و هەرکام لەوان شێوەی تایبەتی خۆیان هەیە.

| ڕەدەی باشتر | ڕەدەی باش | ڕەدەی وەک یەک(بەرابەر) |
|---|---|---|
| **good – well**<br><br>**bad – ill** | **better than**<br><br>**worse than** | **the best**<br><br>**the worst** |
| **Much**<br><br>**many** | **More than** | **the most** |
| **Little** | **Less than** | **the least** |
| **old** بۆ کەسەکانی خێزان<br>تاک – کەس | **elder ------**<br>**older than** | **the eldest**<br>**the oldest** |
| **far** دووری<br>ئەندازە | **Farther than**<br>**Further than** | **the farthest**<br>**the furthest** |

## The same as

**Same :** بۆ نیشندانی یەکبوون و هەماهەنگبوون هەمیشە دوای ئەمرازی پەیوەندی کەڵک لە **the** وەردەگیرترێتو مانای "یەک" دەدات. وەک :

Asmer and Syamend live in the same street.

ئەسمەر و سیامەند لە یەک شەقام دەژین.

بە پێی چەند یەک لە کتێبە ڕێزمانییەکاندا ئەو ئاوەڵناوانەی وا ئاخرەکەیان بە **(er , re , le , ow)** تەواو دەبێ، هەر وەک ئاوەڵناوە دوو بەشییەکان کە ئاخرەکەیان بە پیتی **y** تەواو دەبوو، لە ڕەدەکانی (باش و باشتر) **er** و **est** دەگرن. هەر ئەو سەرچاوانە دەڵێن کە ئەو شێوە ئاوەڵناوانە دەکرێت بە هۆی وشەگەلی **more**، **most** بە ڕەدەی باش و باشتر ئاڵ و گۆڕ بکردرێن.

| ڕەدەی وەک یەک(بەرابەر) | ڕەدەی باش | ڕەدەی باشتر |
|---|---|---|
| narrow | **more** narrow **than** | **the most** narrow |
| narrow | narrow**er than** | **the** narrow**est** |
| simple | **more** simple **than** | **the most** simple |
| simple | simpl**er than** | **the** simpl**est** |
| clever | **more** clever **than** | **the most** clever |
| clever | clever**er than** | **the** clever**est** |
| obscure | **more** obscure **than** | **the most** obscure |
| obscure | obscur**er than** | **the** obscur**est** |

**دەستووری نووسینی سەبارەت بە ئاوەڵناو :**

١. ئەو ئاوەڵناوانەی وا ئاخرەکەیان بە **y** تەواودەبێ، وەک **happy** دوای هاتنی **er** و **est** پیتی **y** دەبێتە پیتی "**i**".

happy → happier than → the happiest

٢. ئەو ئاوەڵناوانەی وا ئاخرەکەیان بە **e** تەواودەبێ، وەک **wide** لە (باش و باشتر) تەنیا پیتەکانی **( st ، r)** یان لێ زیاد دەبێت.

Wide  wider **than**  **the** widest

٣. ئەو ئاوەڵناوانەی وا یەک بەشین ئاخرەکەشیان بە وشەگەلی بێدەنگ تەواو دەبێت، بەو مەرجەی پێش پیتی بێ دەنگ پیتێکی دەنگداریان هەبێ وەک big کاتی پێوەنووسانی پاشگری **er و est** وشە بێ دەنگەکە دووپات دەبێتەوە.

Big bigger than the biggest

| | | | |
|---|---|---|---|
| crowded | شلووق، بسۆز | a pair of shoes | جووتێک کەوش |
| busy | سەرقاڵ، گرفتار | trousers | پانتۆڵ |
| noisy | بە دەنگی بەرز | scissors | مەقەست |
| glass | چاویلکە | ball point pen | پێنووس |
| cane | نەی، پێنووس | fountain pen | قەڵەم پاندان |

**the same :** ئەگەر دوای تێکەڵاویی **the same** وشەی **as** بێت، گشت دێرەکە واتە **the same as** مانای "وەک" دەدات و هاوڕەدەیە لە تەک وشەی **like**. وەک :

Your shoes are **the same as** mine.

**the same** دەکرێت بەو شێوەیەش بێت : ( **the same + ناو + as** )

دەکرێ لەو تێکەڵاوییە وەک "ئاوەڵناوی وەک یەک" بۆ هەماهنگی دوو "ناو" کەڵکی لێ وەربگیرترێت بەڵام دەبێ بزانین چونکە بەدوای وشەی "**the same**" دا هەمیشە "ناو" دێت و ناکرێت ئاوەڵناو دانێین، ئاوەڵناوەکە دەبێ بکرێت بە ناو. وەک :

Asmer is **as old as** Shilan.
Asmer is **the same age as** Shilan.

لێرەدا پێویستە چەند ئاوەڵناو و ناو لەو پەیوەندییەدا بناسین :

| | | | |
|---|---|---|---|
| tall - big | مەزن، گەورە | size | ئەندازە |
| long | درێژ | length | درێژایی |
| wide | پان، بەرین | width | پانایی |
| deep | قووڵ | depth | قووڵایی |
| old | پیر | age | تەمەن |
| high | بڵیند، بەرز | height | بەرزایی |

## ئاوەڵکردار adverb

ئاوەڵکردار چۆنییەتی و شێوەی کردار نیشان دەدات. بە لکاندنی "l y" بە ئاخری دەستەیەک لە ئاوەڵناوەکان، ئاوەڵکردار پێک دێت. وەک :

| | | | |
|---|---|---|---|
| بە دڵسۆزی | sincerely | بە دڵسۆز | sincere |
| بە خێرایی | quickly | خێرا | quick |
| بە وردی | carefully | ورد | careful |

بەو شێوە ئاوەڵکردارانە "ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی" دەگوترێت کە شوێنەکەیان لە دێڕدا دوای "کردار"ە و ئەگەر "کراو" لە دێڕەکەدا هەبێت، دەکەوێتە دوای ئەو. وەک :

Asmer speak **slowly** .
Asmer apeaks English **slowly** .

ئەگەر کرداری دێڕەکە نیشاندەری جووڵانەوە بێت، ئاوەڵکرداری چۆنییەتی دوای ئاوەڵکرداری جێی و شوێن دێت. وەک :

He left the room quickly .

ئەو ئاوەڵکردارانەی خوارەوە "l y" وەرناگرن و بە بێ "l y" بەکاردەهێندرێن.

| | | | |
|---|---|---|---|
| Fast | Hard | Short | Long |
| Little | Much | Late | Early |
| Near | Far | Still | Just |
| Enough | Straight | Soon | Low |

**Take**

| | | |
|---|---|---|
| **Take** | **a nap** | خەونووچکە بردنەوە، چورت لێدان |
| | **a shower** | دووش گرتن، حەمام کردن |
| | **a test-exam** | تاقیکاری |
| | **a bath** | حەمام کردن |
| | **a dictation** | ڕێنووس |
| | **a trip** | سەفەر کردن |
| | **a vehicle** | سواربوون (سواربوونی ئوتۆنۆبیل) |

Asmer doesn’t behave the same kind as her father .

ئەسمەر وەک باوکی بە میهرەبانی هەڵس و کەوت ناکات.

He types the letters faster than my secretery.

ئەو (نێر) گورجتر لە "مونشی" ی یەکەی ئێمە برووسکەکان تایپ دەکات(دەنووسێت).

I never get up later than my parents .

من قەت(هەرگیز) درەنگتر لە دایک و باوکم لە خەو هەڵناستم.

ئەو وشانەی خوارەوە ئەگەرچی **"l y"** یان هەیە بەڵام ئاوەڵکردار نیین.

| | | | |
|---|---|---|---|
| friendly | سەمیمی، خوێنگەرم | lovely | خۆشەویست |
| deadly | مرگبار | kingly | شایانە |
| likely | ئەگەر دار | worldy | جیهانی |
| motherly | دایکانە | fatherly | باوکانە |
| sily | شێتانە | ugly | ناحەز |
| | | sisterly | خوشکانە |

Asmer is a friendly girl.

ئەسمەر کیژێکی خوێن گەرم و خۆمانەیە.

ئەگەر پێویست بێت کە لە وشەگەلی سەرەوە وەک ئاوەڵکردار کەڵکیان لێ وەربگیرترێت، چونکە ناتوانین **"l y"** یان با ئاخرەکەیانەوە بنووسێنین، بە ناچار بەو شێوەیەی خوارەوە عەمەل دەکەین.

**In a/ an + …………** { **Fashion** / **Way** / **Manner**

وەک :

Halale speaks **in a friendly manner.**

هەڵاڵە خۆمانە ئاخەفتن دەکات.

ئاوەڵکرداریش وەک ئاوەڵناو سێ ڕەدەی بەرابەر(وەک یەک)، باش و باشتر یان بۆ هەڵسەنگاندن هەیە. بەو شێوەیە :

**١. ڕەدەی وەک یەک:** دوو کردار هەڵدەسەنگێنێت و هەردووکیان وەک یەک دادەنێت. بۆ نموونە : ئەسمەر بە سەبرایی شیلان دەنووسێت. واتە هەردووکیان بەرابەرن و وەک یەک دەنووسن.

| | | |
|---|---|---|
| **as** | **ئاوەڵکردار** | **as** |

| | | |
|---|---|---|
| **not as/not so** | **ئاوەڵکردار** | **as** |

Asmer types **as slowly as** Shilan.
Asmer does**n't** type **so/as slowly** as Shilan.

**٢. ئاوەڵکرداری باش :** دوو کردار هەڵدەسەنگێنێت و یەک لەوان باش یا خراپ نیشان دەدات. بۆ نموونە: ئەسمەر لە شیلان سەبرتر دەنووسێت.

بۆ ئاوەڵکردار دەستووری دووبەشی و سێ بەشیی مان وەک پێشتر لە ئاوەڵناودا باس کرد، نییە. تەنیا ئەگەر **ly** وەربگرێت، **more than** ی پێوە دەلکێندرێت و ئەگەر **ly** وەرنەگرێت **er** بە ئاخرەکەی دەلکێندرێت. وەک :

Asmer drives **more slowly than** Shilan.
Asmer drives **faster than** Shilan.

**٣ . ئاوەڵکرداری باشتر:** ژمارێک کردار لەگەڵ یەکدا هەڵدەسەنگێنێت و لە نێوانیاندا یەکیان بە باشترین یا خراپترین دەناسێنێت. بۆ نموونە : ئەسمەر بە سەبرترین شێوە دەنووسێت.

ئەگەر ئاوەڵکردارەکە **ly** هەڵگرێت پێش ئەو **the most** دێت و ئەگەر **ly** هەڵ نەگرێت، بە ئاخرەکەی **the est** دەلکێندرێت. وەک :

Asmer types **the most slowly.**
Asmer types **the fastest.**

## ئەو وشانەی دیاریکەری چۆنییەتی و چەندیی ن : intensifiers

ئەو وشانەی چۆنییەتی و چەندیی دیاری دەکەن لە زمانی ئینگلیزیدا ( **much** و **many** )ن و هەردووکیان بە مانای "زۆر" ن.

**ناوی تاکی کە بۆ بژاردن نەبێ + much**

**ناوی کۆی کە بۆ بژاردن ببێ +many**

جیاوازی مابەینی ئەو دووە ئەوەیە کە بەدوای **much** دا ناوی تاک بە شێوەی نەبژێر و بە دوای **many** یدا ناوی کۆی بژێر بە کاردێنین.

**much** و **many** لە دێرە پرسیارییەکان و دێرە نەرێنییەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرترێت. وەک :

Has Asmer written **many** letters?
Does Asmer drink **much** coffee?
Asmer has not written **many** letters.
Asmer doesn't drink **much** coffee.

لە دێرە ئەرێنییەکان دا لە وشەی **a lot of** کەڵک وەردەگیرترێت. جا چ بۆ بژێر و چ بۆ نەبژێر. وەک :

Asmer has written **a lot of** letters.
Asmer drinks **a lot of** coffee.

ئەگەر بمانهەوێت جەخت لەسەر میزانی توندیی ئاوەڵناو یا ئاوەڵکردار بکەین، لە وشەگەلی **too** یا **very** کەڵک وەردەگرین. وەک :

The park is **very beautiful.**
The teacher speaks **very fluently.**

It is **too cold** today.
That driver drives **too slowly.**

**too** و **very** دەتوانن بۆ پشتیوانی مانای دێرەکان پێش دوو وشەی **much** و **many** بەکاربهێندرێن. وەک :

There were **too many** cars in the street.
Asmer drinks **too much** water in a day.
She knows **very many** words.
Thank you **very much.**

وشەی **enough** بە مانای بە ئەندازەی پێویست، بە پێچەوانەی **too** و **very** دوای ئاوەڵکردار یا ئاوەڵناو دێن. وەک :

You are rich **enough .**
He speaks fluently **enough .**

وشەی **enough** دەتوانێت لەگەڵ ناویشدا بێت کە لێرەدا پیش ناو دێت. وەک :

They spend **enough** money in a month .

ئەو وشانەی کە دیاریکەری چۆنییەتی و چەندیی "کەم" ن بریتین لە **Little** و **Few** کە **Little** بۆ تاک یاخود ئەو شتانەی وا نابژێردرێن و**Few** ش بۆ کۆ و ئەو شتانەی وا دەبژێردرێن کەڵکییان لێ وەردەگیرترێت. وەک :

I have **little** money in my pocket.
He knows **few** words.

ئەگەر بمانهەوێ چەندیی یا ژمارەی شتێک کە زیاتر لە **Little** و **Few** بن نیشان بدەین، دەبێ پێش ئەوان پیتی **(a)** دابنێین. وەک :

I drink **a little** coffee after dinner.
He has **a few** books in his book case.

## Such

ئەو وشەیە بە مانای "ئاوا" دەتوانێت لەگەڵ ناوەکانی کۆ و تاک کە بۆ بژاردن یاخود نەبژاردن دەبن، بێت. وەک :

Asmer hasn't said **such** words.
Asmer doesn't like **such** weather.

ئەگەر ناوەکە بۆ بژاردنە و بە شێوەی تاکە، لە **Such a/an** کەڵک وەردەگرین. وەک :

Such a child can't stay quiet.

لەو دێڕانەی کە وشەی **Such** ی تێدایە و ئاوەڵناوێکیشی پێش ناو تێدابێ. وەک :

I haven’t seen such an interesting film so far.

# «Other»"ئیتر"

وشەی **Other** بە مانای "ئیتر" تەنیا پێش ناوی کۆی نادیار کەڵکی لێ وەردەگرن. وەک :

Saman has polished **other** shoes too.

ئەگەر ناو بە شێوەی تاک و نادیار بێت، پێش ئەو وشەی **another** دێت. وەک :

This child wants **another** toy.

ئەگەر ناو بە شێوەی دیار (چ تاک و چ کۆ) بێت، پێش ئەو **the other** بەکاردەهێندرێت کە نئشاندەری ناوی دووهەم یا کۆمەڵێکی ترە. وەک :

I don't like this hat. I like **the other** hat.
I don't like these shoes but I like **the other** shoes.

ئەو وشانەی تا ئێستا باسمان لەسەر کردن، هەموویان ئاوەڵناو بوون و پێش ناو کەڵکیان لێ وەردەگیرترێت.

**another +** ناوی تاکی نادیار
**the other +** ناوی تاکی دیار
**the other +** ناوی کۆی دیار

**Other+** نامعین جمع اسم

تەنانەت دکرێ ناوەکانی دوای ئاوەڵناو بە ڕاناوی **one** یا **ones** بگۆڕدرێن.

other ones

another one
the other one
the other ones

یا ئەویکە دەتوانین ناوەکانی دوای **another** و **the other** (تاک) لابەرین و هەر لە خویان بە شێوەی ڕاناو کەڵکیان لێ وەرگرین. وەک :

I don't like this hat, I like the other. ~~Hat~~.
This child wants another ~~hat~~.

بەڵام ئەگەر بمانهەوێ ناوەکانی دوای **other** و **the other** لابەرین، ناتوانین لە خودی وشەکان بۆ گۆڕین بە ڕاناو کەڵک وەرگرین بەڵکوو بۆ کردنیان بە ڕاناو دەبێ لە پیتی **(s)** کەڵک وەرگرین.

others → ئەوانی تر

The others → ئەوانی تر ( هۆوانە)

I don't like these shoes. I Like the others.
John has polished others too.

له دوو وته‌ی باوی خواره‌وه‌دا وشه‌گه‌لی another و other به‌كارهێنراوه كه تايبه‌تمه‌نديی خۆيان هه‌يه.

| | | |
|---|---|---|
| مابه‌ينی دوو كه‌س | each other | به يه‌كه‌وه، له‌گه‌ڵ يه‌ک |
| مابه‌ينی زياتر له دوو كه‌س | one another | |

ئه‌و دوو وته باوه كاتێک به‌كار ده‌هێندرێن كه كارێک به شێوه‌ی دووسه‌ره و له هه‌ر دوو لايه‌نه‌كه‌وه پێک بێت. بۆ نموونه : به جێی ئه‌وه‌يكه بگوترێ من هاوڕێ ده‌ناسم و هاوڕێش من ده‌ناسێ، باشتره كه بڵێين: هاوڕێ و من يه‌كتر ده‌ناستن ياخود ئێمه يه‌كتر ده‌ناسين.

Hauree and I know **each other.**
People must help **one another**.

ئه‌گه‌ر كارێک به شێوه‌ی دووسه‌ره و له به‌رابه‌ر يه‌كدا نه‌كردرابێت، به‌ڵكوو يه‌ک لايه‌ن بێت، له وشه‌ی **together** به مانای (له‌گه‌ڵ يه‌ک – له‌گه‌ڵ يه‌كتر) كه‌ڵک وه‌رده‌گرين و نابی له‌گه‌ڵ كرداری **to gether** كه به مانای (كۆكردنه‌وه)يه لێمان تێكه‌ڵبێت.

Asmer and Shilan study **together**.

| | |
|---|---|
| every **other** days = on alternate days | يه‌ک رۆژ نارۆژ |
| the **other** day = some days ago | چه‌ند رۆژ له‌مه‌وبه‌ر |
| **other** wise = or else | ده‌نا، ئه‌گينا |
| on the **other** hand = in other words | له‌وبه‌ره‌وه، له‌ولاوه |
| **other** than = except | بێجگه (له)، به بێ |
| one after **another** = one by one | |

**ئەو دێڕانە وەرگێڕەوە :**

١. ئایا ئەوە گەورەترین خانووبەرەی ئەو ناوچەیەیە؟

٢.ئەو (نێر) جوانترین گوڵی ئەو باخچەیەی لێکردەوە.

٣. ئەسمەر بە ڕادەی خوشکەکەی زیرەک نییە.

٤. ئەو (نێر) دەیهەوێ گرانترین خەڵات بۆ باوکی بکڕێت.

٥. کاک سامان گورجترین ماشێن نووسی ئەو ئیدارەیە.

٦. خانووبەرەکەی ئێمە گرانترە لەو خانووبەرەیەی تۆ کریوتە.

٧. ئەو (نێر) جاران لە چکوولەترین خانووبەرەی ئەو شەقامە دەژیا.

٨. من دەمتوانی درێژترین ڕێگای وڵات لە ٢٤ کاتژمێردا بە سەیارە لێبخوڕم.

٩. پێموایە کەوشەکانی تۆ هەرزانترن لە هی من.

١٠. ئەوە جوانترین خەڵاتە کە من کڕیومە.

وڵامەکان :

١. Isn't this the largest building in this area?
٢, He had picked the most beautiful flower from this garden.
٣. Asmer isn't so/as intelligent as her sister.
٤. He is supposed to take the most expensive present for his father.
٥. Mr. Saman is the fastest typist in this office.
٦. Our house is more expensive than the house that you have bought.
٧. He used to live in the smallest house in this street.
٨. I could drive the longest road in this country for ٢٤ hours.
٩. I think, your shoes are cheaper than mine
١٠. This is the most interesting present that I have bought.

## ڕاناوی پێکەوە یا هاوبەش

ئەوە دەزانین کە ئەگەر ئاوەڵناو پێش ناو بێت، شێوەی وشەی هەیە و ئەگەر بکەوێتە دوای ناوەوە دەبێ دوای کردارەکانی Link یاخود کرداره پەیوەندییەکانەوە بێت. ئاوەڵناودەتوانێ دوای ناو بێت کە شێوەی دێری دەبێت و چونکە ئەو شێوە دێرانە حاڵەتی پێناسەی هەیە، بەو دێرانە دێری پێناسە دەگوترێت.
نێشانەی دێری پێناسە لە کوردیدا وشەی "کە" یە. وەک : (ئەو کەسەی "کە" تۆ دوێنێ دیتت، هەڤاڵی منە).

**دێری پێناسە + "کە" ی پێکەوە یا هاوبەش + ناو**

کە وابوو "کە" ی "پێکەوە یا هاوبەش" دێری پێناسە بە ناوی پێش خۆیەوە دەلکێنیت، بەو هۆیە پێی دەڵێن هاوبەش یا پێکەوە. تایبەتمەندییەکی تری "کە" ی "پێکەوە یا هاوبەش" ئەوەیە کە لە دووپاتبوونەوەی ناوی پێش خۆی پێشگیری دەکات. وشەی "کە" لە ئینگلیزیدا و بە پێی دێرەکان بەو شێوەیانەی خوارەوەن :

١. "کە" ی "پێکەوە یا هاوبەش" ئەگەر لە دووپاتبوونەوەی ناوێکی دیار لە بکەری وەسفی پێشگیری بکات، لە ئینگلیزیدا دەبێتە وشەی " who " . وەک :

The man. The man works here.
…the man **who** works here.

٢. "کە" ی "پێکەوە یا هاوبەش" ئەگەر لە دووپاتبوونەوەی ناوێکی دیار لە کراوی پێناسە پێشگیری بکات، لە ئینگلیزیدا دەبێتە وشەی " whom " . وەک :

The man I know the man.
…the man **whom** I know.

٣. "کە" ی "پێکەوە یا هاوبەش" ئەگەر لە دووپاتبوونەوەی ناوێکی نادیار لە بکەری پێناسە پێشگیری بکات، لە ئینگلیزیدا دەبێتە وشەی " which " . وەک :

The bus The bus stops here everyday.
…the bus which stops here everyday.

٤. "کە" ی "پێکەوە یا هاوبەش" ئەگەر لە دووپاتبوونەوەی ناوێکی دیار لە کراوی پێناسە پێشگیری بکات، لە ئینگلیزیدا دەبێتە وشەی " which " . وەک :

The book I study the book.
…the book **which** I study.

٥. "كە" ی "پێكەوە یا هاوبەش" ئەگەر لە دووپاتبوونەوەی ناوی جێی و شوێن لە دێری پێناسە پێشگیری بكات، لە ئینگلیزیدا دەبێتە وشەی " where " . وەک :

The house. they live in it.
the house **where** they live ( ~~in~~ ).

دەبێ لەبیرمان بێت كاتێک لە وشەی " where " كەڵک وەردەگرین، پیویستیمان بە وشەی پەیوەندی جێی و شوێن نییە.

٦. "كە" ی "پێكەوە یا هاوبەش" ئەگەر لە دووپاتبوونەوەی ناوی كات لە دێری پێناسە پێشگیری بكات، لە ئینگلیزیدا دەبێتە وشەی " when " . وەک :

The year. I was born in the year.
The year **when** I was born.

٧. "كە" ی "پێكەوە یا هاوبەش" ئەگەر لە دووپاتبوونەوەی ئاوەڵكرداری خاوەنیی لە دێردا پێشگیری بكات، لە ئینگلیزیدا دەبێتە وشەی " whose " . وەک :

The man his wife works with me.
…The man **whose** wife works with me.
…The dog **whose** name was Top یا the dog **the name of which** was top of.

ئەگەر پیش وشەی **whose** ناوی نادیار هەبێت، دەتوانین بە جێگای **whose** لە **of which** كەڵک وەرگرین. بەو شێوەیە كە ناوی دوای **whose** ببەینە پێش **whose** ەوە و **of which** یش دەچێتە جێگای **whose**. وەک :

The room **whose door…**
The room **the door of which…**

٨. ئەگەر لە دێری پێناسە دا پیش ئاوەڵكرداری خاوەنیی ژمارە هەبێت. ژمارەكە دەكەوێتە دوای **whose** ەوە.

٩. ئەگەر پێش **which** وشەی **The thing** هەبێت، بە جێگای تێكەڵاویی **The thing which** لە وشەی **waht** كەڵک وەردەگرین. وەک :

**The thing which** you need is fresh air.
**What** you need is fresh air.

١٠. "كە" ی "پێكەوە یا هاوبەش" ئەگەر لە دووپاتبوونەوەی ناوی " هۆ و هۆكار" لە دێری پێناسە دا پێشگیری بكات، لە ئینگلیزیدا دەبێتە وشەی **Why**. وەک :

The reason. I study English for that reason.
The reason **why** I study English is that I want to go abroad.

**ڕاهێنانی دێرگەلی کوەردی :**

١. ئەو پیاوەی **کە** وا لەو ژووره "وانه" دەڵێتەوە، پیشوو مامۆستای من بوو.

٢. ئەوانەی **کە** زوو له خەو هەڵدەستن، زۆر سەرکەوتوون.

٣. منێک **کە** هیچ پووڵێک له گیرفانم دا نییه، ناتوانم یارمەتیی ئەو پیاوه فەقیره بدەم.

٤. ئەو خانووبەرەیەی **کە** لەوبەری شەقامەکەیه، جاران هی ئێمه بوو.

٥. من ئەو پیاوەی **کە** تۆ سەبارەت بەو دەدوێیت، ناناسم.

## داهاتووی تەواو

داهاتووی تەواو کارێکە کە لە کاتێکەوە دەستی پێکردوە و لە داهاتوودا تەواو دەبێت. نیشانەی ئەو کاتە لە زمانی کوردیدا "تا" یە. بۆ نموونە :

I will have graduated from high school by next year.
تا ساڵی داهاتوو لە قوتابخانە تەواو دەبم.

Hauree will have returned home by five o'clock.
هاورێ تا کاتژمێری ٥ گەڕاوەتەوە بۆ ماڵێ.

شێوەی پێکهاتنی کاتی داهاتووی تەواو لە ئینگلیزیدا :

**Subject + will have + Past Participle**

نیشانەکانی کاتی داهاتووی تەواو :

١. "تا" + ئاوەڵکرداری داهاتوو ← **By +** ئاوەڵکرداری داهاتوو **(By tomorrow)**

٢. "تا" + ماوەی درێژیی کات ← **in / within two weeks**

٣. "تا" + دێری ئێستای سادە ← داهاتووی تەواو

٤. "تا" + دێری ئێستای تەواو ← داهاتووی سادە

دێری ئێستای سادە
دێری ئێستای تەواو

**by the time**
**before**
**as soon as**
**when**

داهاتووی تەواو
داهاتووی سادە

# Conditionals دێڕەکانی (شەرتی) مەرجی

دێڕێکی شەرتی لە دوو بەش پێکهاتوە، بەشێک شەرت **(if clause)** و ئەویتر بەشی وڵام یاخود ئاکامەکەیەتی **(main clause)** . وەک :

**شێوەی یەکەم** کە سەبارەت بە کاتی داهاتووە. وەک :

If Asmer **has** money, she **can buy** the car.

ئەگەر ئەسمەر پارەی هەبێت، ئەو دەتوانێ ماشێن بکرێت.

لەو شێوە دێڕانە دا ئیمکانی پێکهاتنی کارەکە هەیە. **(Possible)**

**شێوەی دووهەم** کە سەبارەت بە کاتی ئێستایە. **وەک :**

If Asmer **had** money now, she **could buy** the car.

ئەگەر ئەسمەر ئێستا پارەی بایە، دەیتوانێ ئۆتۆمۆبیلێک بکڕێت.

ئەو شێوە دێڕانە بە شێوەی خەیاڵ لە کاتی ئێستا دایە و پێکنایە. **(imaginary)**

**شێوەی سێهەم** کە سەبارەت بە کاتی ڕابردووە. **وەک :**

If Asmer **had had** money, she **could have bought** the book yesterday.

ئەگەر ئەسمەر دوێنێ پارەی بایە، دەیتوانی کتێبەکە بکڕێت.

چونکە لەو شێوە دێڕانەدا باس لە شەرتێک دەکرێت کە لە ڕابردوودا بووە و پێک نەهاتووە و ناشگەڕێتەوە، شەرتی نامومکین **(impossible)** یا ناڕاستی پێدەڵێن.
بۆ دیاریکردنی شێوەی دوو و سێ، پێویستیمان بە ئاوەڵکرداری کات هەیە. وەک :

If I **had** money **today**, I **would buy** this book.
ئەگەر ئەورۆ پارەم بایە، ئەو کتێبەم دەکڕی.

If I **had** money **yesterday** , I **would have bought** this car.
ئەگەر دوێنێ پارەم بایە، ئەو کتێبەم دەکڕی.

ئەگەر ئاوەڵکرداری کات لە دێڕی شەرتی دا کەڵکی لێ وەرنەگیرابێت، بۆ دیاری کردنی شێوەی دوو و سێ پێویستیمان بە دێڕی نێشانە هەیە. بەو شێوەیەی کە ئەگەر دێڕەکە کاتی ئێستا بێت ئەوە شێوەی دووهەم ە. وەک :

**she doesn't try** if she tried , she **would succeed**.

ئەگەریش دێرەکە لە ڕابردوودا بێت، ئەوە شێوەی سێهەم ە. وەک :

**She didn't try**, if she had tried , she **would have succeeded**.

## Otherwise "دەنا"

ئەو وشەیە واتە "دەنا" لە دێڕە شەرتییەکاندا بە جێی بەشی **if clause** کەڵکی لێ وەردەگیرترێت.

بۆ نموونە :

They didn’t invite me, **If they had invited me**, I would have gone.

ئەوان منیان بانگهێشتن نەکردوە، ئەگەر بانگهێشتنیان بکردبایەم دەچووم.

ئەو دێڕەی سەرەوە دەتوانین بە کەڵک وەرگرتن لە وشەی "دەنا" بەو شێوەیە بگۆڕێن:

They didn’t invite me; other wise, I would have gone.

ئەوان منیان بانگهێشتن نەکردوە **دەنا** دەچووم.

## « Wish » بریا

ئەگەر دوای وشەی **Wish** چاوگ لەگەڵ وشەی **to** بێت، مانای حەزلێکردن و هەبوونی هەیە. وەک :

| | |
|---|---|
| من دەمهەوێ ئەوان ببینم. | I **wish to** see them. |
| من دەمهەوێ ئەوان ببینم. | I **want to** see them. |

وشەی **Wish** لە دێڕدا مانای "ئارەزوو" ی هەیە و چونکە ئەو شێوە دێڕانە حاڵەتی بریا و خۆزیا یان هەیە بە دێڕی نا راستی یا خۆزگەیی دەناسرێن و لە هەر یەک لە کاتەکاندا بە شێوەی جۆرواجۆر دروست دەکرێن. وەک :

- ئەگەر ئەو خۆزیا یە بۆ کاتی داهاتوو بێت، دێڕەکە دوای وشەت **Wish** لەگەڵ وشەی would دەگوترێت. وەک :

I wish they **<u>would call</u>** me tomorrow.

- ئەگەر ئەو خۆزیا یە بۆ کاتی ئێستا بێت، کرداری دێڕەکە دوای وشەی **Wish** لەگەڵ کاتی ڕابردووی سادە دا دێت. وەک :

بریا ئەوان ئێستا تلەفۆنیان بۆ کردبایەم. I wish They <u>called</u> me now.

- ئەگەر ئەو خۆزیا یە بۆ کاتی ڕابردوو بێت، کرداری دێڕەکە دوای وشەی **Wish** لەگەڵ کاتی ڕابردووی تەواو دا دێت. وەک :

I wish They <u>had called</u> me yesterday.

## وشەگەلی هاوتا    " if"

دەتوانین لە سێ شێوە دێرە شەرتییەکانی وا پێشتر باسمان لێکرد بە جێگای " if" لە یەکێک لەو وشە گەلەی خوارەوە کەڵک وەرگرین.

بە فەرزی ئەویکە یا بەو گومانەی کە  =  Supposing ، suppose

بەو مەرجەیکە یا بەو شەرتەیکە  =  Providing ، provided ، on condition

I will sign the contract **provided** you give me some money.

### شێوەی دیار و نادیار : active & passive voice

وشەی **voice** مان تا ئێرە بە مانای دەنگ ناسیوە، بەڵام لە دێرە "دیار" و "نادیار"ەکان دا بە حاڵەت و چۆنییەتی مانا دەکرێتەوە. **active** بە مانای "چالاک" و **passive** یش بە مانای "تێپەڕ" ە.

دێرە نادیارەکان بەو هۆیە **passive** یا تێپەڕیان پێدەگوترێت، چونکە لە باس لەسەر "بکەر" تێپەڕ دەبین و لە راستیدا باس لە "کراو" دەکردرێت.

دێرە دیارەکان بەو هۆیە **active** یا چالاک یان پێدەگوترێت، چونکە "بکەر" لەو دێرانەدا چالاکە.

ئێستا با بزانین "بکەر" یا **( Subject )** چەند شێوەی هەیە.

١. "بکەر" دەتوانێت بە جێهێنەری کارەکە بێت کە لەو حاڵەتەدا doer ی پێدەڵێین وەک :

ئەسمەر کتێبەکە دەخوێنێتەوە.      Asmer studies the book .

٢. "بکەر" دەتوانێت کەسێک یا شتێک بێت کە کارەکەی بەسەردا سەپابێت کە ئەو شێوە "بکەر" ە لە ئینگلیزیدا Sufferer Subject ی پێدەگوترێت. وەک :

Asmer is seen by them.

٣. "بکەر" دەکرێت هیچکام لەو شێوانەی سەرەوە نەبێت، بەو مانایە کە نە کارێکی کردبێت و نە کارێکی بەسەردا سەپابێت کە بەو شێوە "بکەر" ە neither doer not sufferer دەڵێین. وەک :

Asmer is a student.

لە دێرە نادیارەکاندا "Subject" لە شێوەی "sufferer" ە و بۆ دێرەکانی دیار لە شێوەکانی ترە.

پێشتر فێر بووین کە ئاوەڵناو تایبەت بە ناوە. بەڵام باشترە بزانین کە ئاوەڵناوی "بکەر" یش هەیە کە ناوی "participle" واتە "ئاوەڵناوی بکەر" یا "ئاوەڵناوی بکەری" یاخود "ئاوەڵناوی کراو" ە.

Participle
- present participle
- Past participle

ئاوەڵناوی بکەری : بە ئیزافە کردنی وشەی **ing** بە ئاخری بکەر پێک دێت. وەک :

| | | | |
|---|---|---|---|
| زیندوو | **living = alive** | **live** | ژیان |
| لە حاڵی هەڵاتندا | **running** | **run** | هەڵاتن |

ئاوەڵناوی کراوی : لە بکەر ەکانی دەستووریدا بە لکاندنی وشەی **ed** پێک دێن و لە بکەرە بێ دەستوورییەکاندا شێوەی تایبەتیی هەیە. وەک :

| | | | |
|---|---|---|---|
| شوشتراو | washed | wash | شوشتن |
| کەوتراو،خستراو | fallen | fall | کەوتن |

### ئەو کاتانەی کە دەتواندرێت بکردرێت بە نادیار

١. کاتی ئێستای سادە :

Asmer **tells** Bob      Bob **is told** by Asmer.

٢. کاتی ڕابردووی سادە :

Asmer **told** Bob      Bob **was told** by Asmer.

٣. کاتی داهاتووی سادە :

Asmer **will tell** Bob      Bob **will be told** by Asmer.

٤. کاتی ئێستای بەردەوام :

Asmer **is telling** Bob      Bob **is being told** by Asmer.

٥. کاتی ڕابردووی بەردەوام :

Asmer **was telling** Bob      Bob **was being told** by Asmer.

٦. کاتی ئێستای تەواو :

Asmer **has told** Bob      Bob **has been told** by Asmer.

٧. کاتی داهاتووی تەواو :

Asmer **will have told** Bob      Bob **will have been told** by Asmer.

٨. کاتی ڕابردووی تەواو :

Asmer **had told** Bob      Bob **had been told** by Asmer.

**لەبیرت بێ :** لە بەینی ١٦ کاتی ئینگلیزیدا چوار کاتی "داهاتووی بەردەوام"، "ئێستای تەواوی بەردەوام" ، "داهاتووی تەواوی بەردەوام" و "ڕابردووی تەواوی بەردەوام" بۆ گۆڕین بە شێوەی نادیار ناکرێ کەڵکیان لێ وەربگیرتێت.

**گۆڕینی دێڕی "پرسیاری دیار" بە "پرسیاری نادیار"**

بۆ گۆڕین بە دێڕی پرسیاری وەک :      Did Asmer **study** the book ?
بە شێوەی نادیار : لە پێشدا دێڕەکە دەکەینە نادیاری هەواڵی (خەبەری) کە دەبێتە :

The book **was studied** by Asmer.

لە ئاخردا دێڕە پیکهاتووەکە دەکەینە شێوەی پرسیاری.

**Was** the book **studied** by Asmer?

**گۆڕینی دێڕی "پرسیاری دیار" کە بە وشەی پرسیاری دەستپێکردرابێت بە "پرسیاری نادیار"**

بۆ گۆڕین بە دێڕی پرسیاری دیار وەک :      Where did Asmer take the book ?

لەپێشدا دێڕەکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی وشەی پرسیاری دەکەین بە پرسیاری نادیار.

Was the book taken by Asmer.

دوایی وشەی پرسیارییەکە هەر شتێک کە بێ، لە ئەوڵی دێڕی نادیاری دادەنێین.

Where was the book taken by Asmer?

## reported speach (بیان کردن) گێڕانەوە

دوو شێوە بەیان کردن هەن : ١ . بەیانکردنی ڕاستەوخۆ ٢. بەیانکردنی ناڕاسەوخۆ

### بەیانکردنی ڕاستەوخۆ ( direct speech )

ئەگەر وتەکانی بێژەر بە بێ ئاڵوگۆڕ بۆ یەکێکیتر بگێڕینەوە، ئەوە شێوەی ڕاستەوخۆی پێدەڵێن و دەتوانێت یەک لەو چوار شێوەیەی خوارەوە بێت :

دێڕی هەواڵی، وەک : Asmer says, “I live in Bokan”.

دێڕی پرسیاری، وەک : Asmer says, “where do you live?”

دێڕی فەرمانی، وەک : Asmer says, “open the window”.

دێڕی سەرسووڕمان، وەک : Asmer says, “what a nice car it is”

دەتوانین کرداری هەواڵدەر و بکەرەکەشی لە ئاخری بەیانکردنی ڕاستەوخۆ دا بێنینەوە :

“I live in Bokan,” Asmer says.
“Where do you live?” Asmer says.
“Open the window,” Asmer says.
“What a nice car it is!” Asmer says.

## ناوی چاوگ ( gerund )

"ناوی چاوگ" لە ئینگلیزیدا ناوێکە کە لە کردار جیابۆتەوە. بەو شێوەیەیە کە بە ئاخری هەر کردارێک ی پێوە دەلکێندرێت **ing**. وەک :

| | | | |
|---|---|---|---|
| زیندوو | **living** | **live** | ژیان |
| بوون، هەبوون | **being** | **be** | بوون |

شێوەی بەکارهێنانی "ناوی چاوگ" لە زمانی ئینگلیزیدا ئەوانەن :

١. هەرکات پێویست بێت بەدوای ئەمرازی پەیوەندی کەڵک لە کردار وەرگیرترێت، دەبێ "ناوی چاوگ" بێت نەک (چاوگ + to) . هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەمرازی پەیوەندی هەمیشە پێش ناو دێن. وەک :

<u>After</u> **locking** the door, I left home.
She is afraid <u>of</u> **telling** lies.

٢. هەرکات پێویست بێت دێرێک بە چاوگ دەستپێبکات، چونکە ناتوانین (چاوگ + to) بە جێگای بکەری دێرەکە بەکار بێنین، دەکردرێت بە "ناوی چاوگ". وەک :

~~To swim~~ here is enjoyable.
**Swimming** here is enjoyable.

٣. بەدوای بکەری تایبەتیی لە ئینگلیزیدا ئەگەر کردار بکاربهێندرێت، دەبی بکردرێت بە "ناوی چاوگ":

| | | | |
|---|---|---|---|
| **avoid** | دووری کردن | **defer** | وەدواخستن، لابردن |
| **appreciate** | تەشویق کردن | **delay** | وەدواخستن |
| **admit** | سەلماندن | **advise** | نەسیحەت کردن |
| **discuss** | گفتوگۆ کردن، | **detest** | ڕق لێبوون |
| **consider** | لێکۆڵینەوەکردن | **enjoy** | لەزەت بردن، پێخۆشبوون |
| **can't help** | ناچاربوون | **finish** | تەواو بوون |
| **deny** | حاشاکردن | **forgive** | بەخشین |
| **forbid** | یاسخکردن، قەدەخەکردن | **include** | هەمەگیر بوون |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **imagine** | پێ وابوون | **keep** | درێژەپێدان |
| **mention** | هێنانەوە یاد | **oppose** | دژایەتیکردن |
| **mind** | گرنگ بوون | **quit** | تەرک کردن، وەلانان |
| **postpone** | بە تاڵ کردن، هەڵ وەشاندنەوە | **risk** | لە مەترسی خستن |
| **practice** | ڕاهێنان، وانەکردن | **remember** | لەبیر بوون، لەیاددا ڕاگرتن |
| **resume** | لە سەرڕاوە دەستپێکردن | **stop** | ڕاوەستان |
| **suggest** | پێشنیار کردن | **tolerate** | سەبرکردن، حەوسەلە بوون |
| **understand** | حاڵی بوون، تێگەیشتن | | |

**زۆر گرنگ :** چونکە "ناوی چاوگ" شێوەی ناویی هەیە دەتوانێت دوای چاوگ ی خاوەنیی یا تەنانەت (’s) بەکار بهێندرێت. وەک :

I appreciate her **speaking**.

I appreciate Asmer s’ **speaking**

چونکە دوای ئەو کردارانە ناوی چاوگ بکاردەهێندرێت جارجارە پێویست دەبێ پێش ناوەکە ئاوەڵناوێکی خاوەنی و یا ناوێکی تر لەگەڵ (’s) بەکاربهێندرێت. وەک :

I **appreciate** her **working**.
I **appreciate** Asmer’s **working.**

ژمارێک لە کردارەکانی ئینگلیزی وەک plan و start و prefer دەتوانن هەم لەگەڵ "ناوی چاوگ" و هەم لەگەڵ (چاوگی + to) بێن و ماناکەشیان هیچ ئاڵ وگۆڕێکی بەسەردا نەیێت. وەک :

Asmer prefers **to go**.
Asmer prefers **going.**

بەڵام دوو کرداری stop و remember ماناکەیان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. بەو شێوەیە :

ئەگەر دوای وشەی stop "ناوی چاوگ" بەکاربهێندرێت، مانای دێرەکە ئەوەیە کە بکەر دوای Stopp دەست لە کار هەڵدەگرێت یا هەڵیگرتووە. وەک :

I stop speaking to the man.

من لە ئاخەفتن لەگەڵ پیاو دەست هەڵدەگرم .

بەڵام ئەگەر پاش stop لە (چاوگی + to) کەڵک وەربگیرترێت، مانای دێڕەکە ئەوەیە کە بکەر لە کاری پێشوو دەستی هەڵگرتووە یا دەست هەڵدەگرێت، تا کاری دوای "Stopp" دەست پێ بکات.

I stopped to speak to the man.

من ڕاوەستاوم تا لەگەڵ ئەو پیاوە ئاخەفتن بکەم.

ئەگەر دوای remember "ناوی چاوگ" بەکاربهێندرێت، مانای دێڕەکە ئەوەیە کە بکەری کرداری دوای remember بە شێوەی وێنەیەک لە ڕابردوودا لەبەرچاوی خۆی دەنوێنێ. وەک :

Asmer remembers locking the door.

ئەسمەر داخستنی دەرکەکەی وەبیر دێتەوە.

بەڵام ئەگەر دوای remember لە (چاوگی + to) کەڵک وەربگیرترێت، مانای دێڕەکە ئەوەیە کە بکەر لە بیری دەمێنێتەوە کە کاری دوای "remember" بە جێ بگەیێنێت. لە ڕاستیدا ئەو "remember" ە هەر وەک ( not forget ) وایە. وەک :

Asmer remembers to lock the door.

ئەسمەر لەبیری دەمێنێتەوە دەرگاکە قفڵ کات یا (دەرکەکە داخات).

## فەرهەنگۆکی زمانەوانیی کوردی فارسی

| فارسی | کوردی |
|---|---|
| ادوات | کەرەسە = ئامراز |
| ادوات استفهام | ئامرازی پرسیار |
| اقسام لفظ | جۆرەکانی بێژە |
| اسم | ناو |
| اسم اشاره | جێناوی ئاماژە = جێناوی نیسانە = ناوی نیشاندان |
| اسم عام و اسم خاص | ناوی گشتی و ناوی تایبەتی |
| اسم ذات و اسم معنی | ناوی سەربەخۆ یا ئەنبووژەن |
| | و ناوی سەربەغەیر یا بژۆنی |
| اسم مفرد و جمع | ناوی تاک و کۆمەڵ (کۆ) |
| اسم فاعل | ناوی بکەر |
| اسم مصغر | ناوی بچووک |
| اسم معرفه و اسم نکره | ناوی شوناس یا ناسراو |
| | ناوی ناشوناس یا نەناسراو |
| اسم مفعول | ناوی کراو |
| اصوات | دەنگەکان |
| انواع کلمه ساده و مرکب | جوورەکانی وشەی سادە و لێکدراو |
| با قاعده | دستووری |
| بسیط | سادە = سانا |
| بی قاعده | بێ دەستوور |
| پیشاوند و پساوند | پێشگر و پاشگر |
| تاریخ | ڕێکەوت |
| تحول | وەرچەرخاندن |

| | |
|---|---|
| تلفظ کردن<br>جانبی | گۆکردن<br>لاوەکی |
| حالت تمنا | داخوازی |
| حرف اضافه | ئامڕازی پەیوەندی |
| حرف تعریف | ئامرازی پەیوەندی |
| حرف ربط | ئامڕازی بەستنەوە |
| حرف صامت | پیتی کپ |
| حرکات و علامات | بزووتنەکان و نیشانەکان |
| حروف هجای کردی | پیتەکانی ئەلف وبێی کوردی |
| زمان فعل | دەمکات |
| ثابت | نەگۆڕ |
| صفت | ئاوەڵناو |
| صفت نسبی | ئاوەڵناوی پاڵشت |
| ضمیر | ڕاناو - جێناو |
| ضمیر شخصی | ڕاناوی کسی |
| ضمیر متصل | ڕاناوی لکاوی = جێناوی لکاو |
| ضمیر منفصل | جێناوی جیا = ڕاناوی جیا |
| ضمیر متصل فاعلی | ڕاناوی لکاوی بکەری |
| ضمیر متصل مفعولی | ڕاناوی لکاوی کراوی |
| ضمیر متصل اضافی | ڕاناوی لکاوی خستنەسەر |
| ضمیر اشاره | ڕاناوی نیشاندان |
| ضمیر مستتر | جێناوی نادیار = ڕاناوی نادیار |
| ضمیر مشترک | ڕاناوی هاوبەشی |
| ضمیر ملکی | ڕاناوی خاوەنی |

| | |
|---|---|
| عبارت فعليه | لاڕستەی کار |
| عبارت اسميه | لاڕستەی ناو |
| عدد | ژمارە |
| علامت | نیشانە |
| علامت معرفه و نكره | نیشانە و ئامڕازی شوناس و ناشوناس |
| | نیشانە و ئامڕازی ناسراو و نەناسراو |
| علم صرف | وشەسازی |
| غيرمنتظم | ناڕێک ـ پەڕپوت |
| فعل | کردار |
| فعل ماضی | کرداری ڕابردوو |
| فعل ماضی مطلق | کرداری ڕابردووی بینراوی یا نیزیک |
| فعل ماضی استمراری | کرداری ڕابردووی درێژەدار |
| فعل ماضی نقلی | کرداری ڕابردووی گێڕاوەیی |
| فعل ماضی بعيد | کرداری ڕابردووی چۆنایەتی |
| فعل ماضی التزامی | کرداری ڕابردووی دانانی یا نابەدڵ و پەرۆشی |
| فعل ماضی دلخواه | کرداری ڕابردووی دڵخواز |
| فعل مضارع | کرداری ڕانەبردوو |
| فعل مضارع اخباری | کرداری ڕانەبردووی ئیخباری |
| فعل مضارع التزامی | کرداری ڕانەبردووی ئیلزامی |
| فعل امر | کرداری داخوازی |
| فعل نهی | کرداری نەهێشتن |
| فعل لازم | کرداری تێنەپەڕ |
| فعل متعدی | کرداری تێپەڕ |
| فعل معلوم | کرداری پەیدا |

| | |
|---|---|
| فعل مجهول | کرداری ناپەیدا |
| فعل قیاسی | کرداری دەستووری |
| فعل سماعی | کرداری بیستیاری |
| فعل مثبت | کرداری بوون (ئەرێنی) |
| فعل منفی | کرداری نەبوون( نەرێنی) |
| قید | ئاوەڵکردار |
| قید استثنا | ئاوەڵکرداری جیاوازی و دەرهاویشتن |
| قید استفهام | ئاوەڵکرداری پرسین |
| قید ترتیبی وتدریجی | ئاوەڵکرداری ڕوتبی |
| قید تشبیه | ئاوەڵکرداری وێچوون و وێچوواندن |
| قید تصدیق و تاکید | ئاوەڵکرداری قۆل کێشان و جەخت کردن |
| قید تمنا | ئاوەڵکرداری هیوا |
| قید حالت | ئاوەڵکرداری دۆخ |
| قید زمان | ئاوەڵکرداری کات |
| قید شک | ئاوەڵکرداری دوودڵی |
| قید کمیت | ئاوەڵکرداری ئەندازە |
| قید کیفیت | ئاوەڵکرداری چۆنییەتی |
| قید علت | ئاوەڵکرداری هۆیی |
| قید مکان | ئاوەڵکرداری جێی و شوێن |
| قید نفی | ئاوەڵکرداری نەبوون و نەهێشتن |
| کلمه و اقسام ان | وشە و جۆرەکانی |
| کنایات | داپۆشراوەکان |
| لفظ | بێژە |
| لهجه | شێوەزار |

| | |
|---|---|
| ماضی استمراری | رابوردووی بەردەوام |
| ماضی بعید | ڕابوردووی دوور |
| ماضی تام | ڕابوردووی تەواو |
| ماضی قریب | رابوردووی نزیک |
| مبهمات | نادیارەکان |
| متعدی | تێپەڕ |
| مرکب | لێکدراو |
| مضارع | ڕانەبردوو |
| معیوب | پەرپوت |
| مصدر | چاوگ |
| موقت | کاتی |
| موصول | لێکدەر |
| نقطه گذاری | نوختە دانان |
| وسیله | کەرەسە = دەستەبەر |

## فەرهەنگۆکی زمانەوانی کوردی ئینگلیزی

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| adjective | ئاوەڵناو |
| Preposition | ئامرازی پەیوەندی |
| Structure | چێوبەند . چێوە |
| Peresent | ئێستایی |
| Adverb | ئاوەڵکار ـ ئاوڵگوزارە |
| Object | بەرکار |
| Implicit object | بەرکاری لکاو |
| Indirect object | بەرکاری جیا |
| Subject | بکەر |
| Implicit subject | بکەری لکاو = بکەری پەیوەندی |
| Verb | کار |
| External subject | بکەری دەرەکی |
| Syllable | بڕگە |
| Schwa | بزرۆکە |
| Verb(to be) | بوونی یاریدەر |
| Noun complement | بار و سەربار |
| Rule | بنە ـ قاعیدە |
| Variable | بگۆڕ |
| Element,particle | ڕەگەز |
| Prefix | پێشگر |
| Pro-verb | پێشکار |
| Silent | پیتی کپ |
| Vowel | پیتی بزوێن |
| Access org | پەلوپۆ |
| Suffix | پاشگر |
| Irregular | نارێک ـ پەڕیوت |
| Singular | تاک |
| Transitive | تێپەڕ |
| Intransive | تێنەپەڕ |
| Trasifing | تێپەڕاندن |
| Pronoun | جیناو = ڕاناو |
| Implict pronoun | جێناوی لکاو = ڕاناوی لکاوی |
| Expicit pronoun | جێناوی جیا = ڕاناوی جیا |
| Hidden pronoun | جێناوی نادیار = ڕاناوی نادیار |
| Demonstrative pronoun | جێناوی ئاماژە = جێناوی نیسانە |
| Infinitive | چاوگ = چاوگ |
| Tenses | دەمکات |
| Subjuncitive | داخوازی |
| Aid | کەرەسە = دەستەبەر |
| Opposite meaning | دژواتایی (مانای پێچەوانە) |

| | |
|---|---|
| Orthography | ڕێنوس |
| Present | ڕانەبردوو |
| Past | ڕابوردوو |
| Simple past | ڕابوردووی نزیک |
| Continus past | ڕابوردووی بەردەوام |
| Pul perfect | ڕابوردووی دوور |
| Past perfect | ڕابوردووی تەواو |
| Sentence | ڕستە = دێڕ |
| Simpel | سادە = سانا |
| Tool | کەرەسە = ئامراز |
| Plural | کۆ |
| Avxiliary | کاری یاریدەر = کرداری یارمەتی |
| Temporary | کاتی |
| Pronunciation | گۆکردن |
| Comound | لێکدراو |
| Lateral | لاوەکی |
| Nounphrase (NP) | لاڕستەی ناو |
| Accent | شێوە زار |
| Verb phrase(VP) | لاڕستەی کار |
| Metodology | میتۆدۆلۆژی ڕێچکەسازی |
| Compound | ناسادە |
| Negation | نەرێ = نەرێنی |
| Invariable | نەگۆڕ |
| Irrigular | ناڕێک |
| Infix | ناوگر |
| Sign | نیشانە |
| Defective | پەرپوت |
| Morphology | وشەسازی |
| Transformation | وەرچەرخاندن |
| Semation | واتاسازی |
| Preposition | ئامرازی پەیوەندی |

| کوردی | ئینگلیسی |
|---|---|
| بەرهەست، ئەبستراکت، ناپتەو، بەستە | Adstract |
| جەخت، هێز | Accent |
| بەرکاری راستەوخۆ | Accusativus |
| کارا، چالاک | Active |
| ئاوەڵناو، رازا(بۆ نموونە گەورە، سوور) | Adjective |
| ئاوەڵناوئاسا | Adjectival |
| ئاوەڵناوی بژاری | Adjunct |
| ئاوەڵکردار، ئاوەڵفرمان، هۆکەر | Adverb |
| کورتکراوە، چووکەکراوە | Abbreviation |
| بریکار | Agent |
| وشەی دژانبەر | Antonym |
| نیشانەی دەربواردن، نیشانەی خاوەنییەتی | Apostrophe |
| پیتی پێناسە | Article |
| ناسە | Auxiliary particle |
| کرداری یاریدەر | Auxiliary verb |
| کرداری هۆیی | Acusative |
| ژمارەی سەرەکی | Cardinal Number |
| دۆخ | Case |
| بەشێک لە رستە، تیپ، هەڤۆک | Clause, Sentence |
| جووتەخاڵ | Colon |
| کۆما، دابڕ، بۆر | Comma |
| دۆخەکانی بەراوەرد | Comparison |
| کۆڵکر | Complement |
| لێکدراو | Compound |
| کۆنکرێت، راستی، سەرخۆیی | Concrete |
| مەرجی | Conditional |
| ئامرازی پەیوەندی، پیتی بادانەوە | Conjunction |
| گەردانکردن(- ی کردار) | Conjugation |
| پیتی ماوش | Connective |
| نەبزوێن، بێدەنگ | Consonant |
| سازدان | Construct |
| بەندەک (-) | Dash |
| ناسیاو، خۆیا، شینبار | Definite |
| گەردانکردن(- ی ناو، جێناو، ئاوەڵناو) | Declination |
| نیشاندەر | Demonstrative |
| جووتەبزوێن، بزوێنە دوودەنگییەکان | Diphthongs |
| سەیرمەن | Exclamations |
| بانگنیشان(!) | Exclamations mark |
| مێ | Feminine |

| | |
|---|---|
| Finite Clause | رستەی بەرسنوور |
| Future | داهاتوو، هاتوو |
| Gender | رەگەز، جەندەر، جۆرە |
| Genitive | دۆخی خستنەپاڵی، خاوەنی |
| Grammar | ڕێزمان، گرامێر |
| Idiom | ئیدیۆم، زاراوە |
| Infinitive | چاوگ، چاوگی کردار |
| Interjection | ئامرازی سەرسووڕمان |
| Interrogative | پرسیاریی |
| Imperative | فرمانی |
| Letter | پیت |
| Verb Main Lexical Verb | کرداری سەرەکی، شاکردار |
| Main Clause | شا رستە |
| Mark | نیشانە |
| Masculine | نێر |
| Morphology | مۆرفۆلۆژی |
| Noun | ناو |
| Infix | ناوگر |
| Negative | نێگەتیف، نەرینی |
| Neutral | نێتار، بەدەری، بێ لایەن |
| Nominative | بکەر |
| Numeral | ژمارە، وشەی ژمارە، رەقەمی ژماردن |
| Genitive | دۆخی خاوەنییەتی، دۆخی وەپاڵنراو |
| Object | بەرکار |
| Opposite | دژرابەر |
| Bracket, Parenthesis | کەوان، پەرەنتێز |
| Paronym | پارۆنیم، وشەی هاوریشە |
| Passive | ناکارا |
| Past | زوونە، رابردووی سادە |
| Particle | پارتیکڵ |
| Past article | رابردووی گێڕاوەیی |
| Perfect | رابردووی دوور |
| Person | کەس |
| Personal Pronoun | جێناوی کەسیی |
| Phoneme | فۆنێم، دەنگ |
| Phrase | دەستەواژە، کورتە قسە، وتە |
| Plural | کۆ |
| Positive | پۆزیتیف، ئەرینی |
| Possesive | خاوەنیی |
| Pronoun Possesive | جێناوی خاوەنیی |
| Predicate | راگەیێنەر |
| Prefix | پێشگر |
| Preposition | وردەوشە |
| Present | ئێستا، دۆخی کرداری رانەبردوو |

| | |
|---|---|
| Pronoun | جێناو، راناو |
| Pronounciation | راوێژ، بێژە، زارکردن، تەلەفوز |
| Proper Noun | ناوی تایبەت |
| Quantifier | چەندیتی پێو |
| Question mark | پرستیشان (؟) |
| Reflexive | خۆیی، ڤەبەیی |
| Reflexive Pronoun | جێناوی خۆیی |
| Relatives | پەیوەندی |
| Relative Pronoun | جێناوی پەیوەندیی |
| Reciprocal Pronoun | جێناوی دوولایەنە |
| Root | بنە، ریشە |
| Semicolon | خاڵەدابڕ (؛) |
| Sentence | رستە |
| Singular | تاک |
| Slash | لارەهێڵ |
| Spelling | رێنووس |
| Statement | ئاگاداری |
| Subject | بکەر، کریار |
| Subjunctive | وێچوون |
| Suffix | پاشگر |
| Superlative | بەرزترین |
| Syllable | بڕگە |
| Thesaurus, Synonym, Synonymous | هاوتا، هاومانا |
| Syntax | پێکهاتەی رستە، رستەنووسی، سینتاکس |
| Tense | دەم |
| Tone | ئاواز |
| Transitive | تێپەڕ |
| Dot | خاڵ (.) |
| Verb | کردار، فرمان |
| Vocabulary | بزوێن، دەنگدار |
| Vocal | وشەدان |
| Word | وشە، پەیڤ، وتە |
| Class Word | جۆری وشە |
| Word order | ریزکی وشە، پاشیەکی وشە |